# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر کەریم**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالّح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەدزادە**



http;//gov.krd/ka

ISSN: 2520-4106

**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# شانۆ و شیعری شانۆیی لە بواری فێرکردندا

## (شیعرە شانۆییەکانی شوان ئەحمەد بە نموونە)

**د. هێرۆ عەبدولڕەحمان مستەفا**

بەشی خاک و ئاو/کۆلێژی زانستە ئەندازیارییە
کشتوکاڵییەکان/ زانکۆی سەڵاحەدین
hero.mustafa@su.edu.krd

**م. ی. عومەر محەمەد ساڵح**

ماستەر لە ئەدەبی کوردی/ بەشی زمانی کوردی/
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/زانکۆی ڕاپەڕین
omer.mohammed@uor.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی "شـانۆ و شـیعری شـانۆیی لـە بـواری فێرکردن"دایـە. شـیعرە شـانۆییەکانی شـوان ئەحمـەد بـە نموونـە وەرگیـراوە. هەوڵێکـە بـۆ ناسـاندنی شـانۆ و شـیعری شـانۆیی منـداڵان، هەوڵـمان داوە کاریگەرییەکانـی ئـەم جـۆرە شـیعرە لـە ڕووی پەروەردەیـی و فێرکردنـەوە لـە سـەر منـداڵان ڕوون بکەینـەوە. پـەروەردە و فێرکـردن کـە کەناڵێکـی هـەرە گرنگـی پێگەیاندنـی کۆمەڵایەتییـە، لـە ڕێگەیـەوە منـداڵان بـۆ ژیانـی نێـو کۆمەڵگـە ئامـادە دەکرێـن. شـانۆ و شـیعری منداڵانیـش فاکتەرێکـی گرنگـی پـەروەردە و فێرکردنـە، کاریگەریـی گـەورەی هەیـە لـە گەشـەپێدانی کەسـایەتیی منـداڵان و ڕۆشـنبیرکردن و فراوانبوونـی ئاسـۆی بیرکردنەوەیـان، بـە تایبەتـی لـە قۆناغەکانـی باخچـە و خوێندنـی بنەڕەتـی. لـەو ڕێگەیـەوە دەتوانرێـت پەیامـی پەروەردەیـی باشـتر بـکات و فێرکـردن چالاکـتر ببێـت، چونکـە لـەو قۆناغـەدا منـداڵان زیاتـر لـە ڕێگـەی بینیـن و لاسـاییکردنەوەوە فێـر دەبـن. تـا چەندیـش ئـەوەی دەیبینێـت سەرنجڕاکێشـتر بێـت، زیاتـر چێـژی پـێ دەبەخشـێت و زووتـر وەردەگرێـت و لاسـایی دەکاتـەوە. منـداڵان لـە شـانۆ و شـیعری شـانۆیی بـە بەشـداریکردن، یاخـود بینینـی؛ چێـژ و خۆشـی وەردەگـرن، ئەمـەش وا دەکات فاکتەرێکـی فێرکردنـی کاریگـەر بێـت بـۆ گەیاندنـی هـەر پەیـام و مەبەسـتێک بـە منـداڵان لـەو قۆناغـەدا. ئـەم توێژینەوەیـە کاریگەرییـە پەروەردەیـی و فێرکارییەکانـی شـیعری شـانۆیی "ژینگـە و باڵەوانـی جەنگـەڵ"ی شـوان ئەحمـەدی دەرخسـتووە، لەگـەڵ هەمـوو ئـەو لێکەوتانـەی لەسـەر منـداڵ هەیەتـی. توێژینەوەیەکـە لـە پێشـەکی و دوو بـەش پێـک هاتـووە.

کلیلەوشە: شیعری شانۆیی، شانۆ، منداڵ، فێرکردن

**پێشەکی**

شـیعری شـانۆیی وەک یەکێـک لـە هونـەرەکانی ئـەدەب، سـەرەتای دەسـتپێکی ژانـرە ئەدەبییەکانـە، گـەلان هـەر زوو ناسـیویانە. ئەگـەر سـەیری مێـژووی شـانۆ بکەیـن، بـە هـۆی گـۆرانی و شـیعر و سـەماوە پێشـکەش کـراوە. بـەو شـێوازانەی دەربـڕاون و نمایـش کـراون، لـە هـەر کۆمەڵگەیـەک ڕۆڵـی کاریگـەری هەبـووە کـە دیـاردە و پێویسـتییەکانی کۆمەڵگـەی تێـدا خراوەتـە ڕوو. لەبـەر ئـەو گرنگـی و ڕۆڵـەی کـە هەیەتـی، پێویسـتە لـە باخچـەی منـداڵان و ناوەندەکانـی خوێندنـی منـداڵان جێـی بکرێتـەوە و گرنگییەکـەی درک پـێ بکرێـت، چونکـە لـە پـەروەردەی منداڵـدا ڕۆڵـی ڕاسـتەوخۆی هەیـە، لـە ڕێگەیـەوە منـداڵ تواناکانـی خـۆی بەرجەسـتە دەکات و توانـای نوانـدن و لاسـایی و جووڵـەی بـۆ دروسـت دەبێـت. ئـەم هونـەرە هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی بەهـرەی نووسـین و خۆشەویسـتییان بـۆ شـیعر و شـانۆ بـە دروسـت تێـدا دەربکەوێـت. شـیعری شـانۆیی فاکتـەری گەشـەی بەهـای جـوان و باڵایـە لـە منداڵـدا، ئەمـەش وا دەکات ببێتـە بنەمایەکـی گرنگـی گەشـەی کەسـایەتیی منـداڵ. واتـە شـیعری شـانۆیی و شـانۆی منـداڵ کـە ئامانجێـکی پەروەردەیـی هەیـە، دەتوانێـت ئـەو ئامانجـە بـەدی بێنێـت، چونکـە لەگـەڵ ئاسـتی عەقڵـی و هەسـت و ئـارەزووی منـداڵ گونجـاوە و چێـژی لـێ وەردەگرێـت. کەواتـە بـە هۆیـەوە دەتوانرێـت ئەرکـی پەروەردەیـی لـە هەمـوو لایەنـەکانی نیشـتمانی و کۆمەڵایـەتی و فەرهەنگـی و ڕۆشـنبیری و ڕەوشـتی و ڕەفتـاری بەجـێ بێنێـت. ئـەم توێژینەوەیـە لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە؛ بەشـی یەکـەم لـە دوو تـەوەر پێـک هاتـووە، تـەوەری یەکـەم بـە ناونیشـانی ناسـاندنی شـیعری شـانۆیی و پێکهاتەکانـی، تـەوەری دووەم بـە ناونیشـانی شـانۆیی منـداڵان. لـەم تەوەرانـەدا بـاس لـە بابەتـی جۆراوجـۆر کـراوە. بەشـی دووەم لـە دوو تـەوەر پێـک هاتـووە؛ تـەوەری یەکـەم بـە ناونیشـانی کاریگەریـی شـیعری شـانۆیی لـە سـەر منـداڵان لـە ڕووی پـەروەردە و فێرکردنـەوە، تـەوەری دووەم تەرخـان کـراوە بـۆ پراکتیزەکـردنی بابەتەکـە لـە شـیعرە شـانۆییەکانی شـوان ئەحمـەد کـە بریتیـن لـە شـیعری شـانۆیی ''ژینگـە'' و ''پاڵـەوانی جەنگـەڵ''. شـوان ئەحمـەد تەنهـا ئـەو دوو بەرهەمـە بڵاوکـراوەی لـە بـواری شـیعری شـانۆییدا هەیـە. لـە کۆتاییشـدا ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان خراونەتـە ڕوو.

**ڕێبازی توێژینەوە**

لـەم توێژینەوەیـەدا ڕێبـازی ''وەسـفیی شـیکاری'' بـەکار هێـنراوە، لەبـەر ئـەوەی توێژینەوەکـە شـیعرە شـانۆییەکانی شـوان ئەحمـەدی شـەنوکەو کـردووە. بـە پێـی ئـەم ڕێبـازە، شـیکردنەوە بـۆ هـەردوو شـیعری شـانۆیی ''ژینگـە و پاڵەوانـی جەنگـەڵ'' کـراوە.

**گرنگیی توێژینەوە**

منـداڵان نـەوەی داهاتـووی کۆمەڵگـەن، شایسـتەی پەروەردەیەکـی جـوان و دروسـتن، بۆیـە پێویسـتە هەمـوو ئـەو هۆکارانـەی دەبنـە دەسـتبار لـە پێگەیانـدن و ئاڕاسـتەکردنیان؛ پەنایـان بـۆ ببرێـت. شـانۆ و شـیعری شـانۆیی ڕۆڵـی گرنـگ دەگێڕێـت لـەم بـوارەدا، هۆکارێکـی کاریگـەرە بـۆ بونیادنـانی کەسـایەتیی منـداڵ. سـەرەڕای چێژبەخشـین؛ دەتوانرێـت بابەتـی هونـەری و زانسـتی و پەروەردەیـی تێـدا نمایـش بکرێـت، گەلێـک کاریگـەری لەسـەر دەروونی منـداڵ دروسـت دەکات، هەروەهـا خەیـاڵ و ئەندێشـەی فـراوان دەکات بەرامبـەر لایەنـە شـاراوەکانی ژیـان و تێڕامـان و بیرکردنـەوە لێیـان، ڕێگایەکـی گونجـاوە بـۆ ئـەوەی ڕەفتـاری منـداڵ بـەرەو ئـاکارە باڵاکانـی مـرۆڤ بگۆڕێـت. گرنگیـی ئـەم توێژینـەوە لەوەدایـە ڕۆڵـی شـانۆ و شـیعری شـانۆیی لـە پەروەردەکـردنی منـداڵ لـە هەمـوو لایەنـەکانی ژیـان و بونیادنـانی کەسـایەتی و گەشـەپێدانی هـزر و بیرکردنـەوە و گیانـی هـاوکاری و گۆڕانـی ڕەفتـاری دەخاتـە ڕوو.

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە**

شـانۆ و شـیعری شـانۆیی ڕۆڵـی گرنگـی لـە پـەروەردە و پێگەیانـدنی منـداڵ و دروسـتکردنی کەسـایەتی هەیـە، بۆیـە توێژینـەوە و خسـتنەڕووی زانیـاری زیاتـر لەسـەر ئـەم بابەتـە بـۆ ئێمـە جێـی بایـەخ بـوو، تاکـوو ببێـت بـە بەشـێک لـە سـەرچاوەی زانیـاری بـۆ خوازیـاران و خەمخـۆرانی بـواری ئـەدەبی منـداڵان.

**گرفتی توێژینەوە**

ئـەم توێژینـەوە دەیەوێـت وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە بداتـەوە، ئایـا شـانۆ و شـیعری شـانۆیی چ کاریگەرییەکـی ئەرێنـی لـە سـەر منـداڵان جـێ دەهێڵـن؟ وە لـە چ ڕوویەکـەوە پـەروەردەی دەکات؟

**سنووری توێژینەوە**

سنووری توێژینەوەکەمان شیعری شانۆییە، مێژوو و سەرهەڵدانی شانۆ و شیعری شانۆیی و کاریگەرییەکانی، تیشکیش دەخاتە سەر شیعرە شانۆییەکانی شوان ئەحمەد.

بەشی یەکەم: شانۆ و شیعری شانۆیی

تەوەری یەکەم:ناساندنی شیعری شانۆیی و پێکهاتەکانی

**١. سەرهەڵدانی شیعری شانۆیی**

شـیعری شـانۆیی لـە ئەدەبیاتـی جیهانـدا وەک ژانرێکـی گرنـگ دەسـتپێکی ژانرەکانـە، سـەرەتای شـانۆ لـە یۆنانـی کـۆن (گریـك) بـە شـیعر دەسـتی پـێ کـردووە، هەروەکـوو دەردەکەوێـت ''ئـەم ژانـرە لـە ژێـر چەتـری ئاییـن گەشـەکردن و پەرەسـەندنی شـیعری لیریکـی هاتـە کایـەوە. ئـەم جـۆرە شـیعرانە بـە گۆرانـی و سـەماکردن لـە پەرسـتگاکاندا لـە چوارچێـوەی جەژنـە ئایینییەکانـدا نمایـش دەکـران'' (عـەولا، ٢٠١١، ل١١٢). کەواتـە جـەژن و بۆنـە ئایینییەکانـی ئـەوکات ڕێـگای خـۆش کـردووە بـۆ بنایتنـان و دەرکەوتنـی هونـەری شـانۆ و شـیعری شـانۆیی. سـەرچاوەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن هـەر لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ژانرەکانـی ئـەدەب بـە هـۆی پێشـکەوتن و ڕەوتـی شارەسـتانیەتی گـەلان، چەندیـن ژانـر بوونەتـە سـەرچاوە بـۆ لەدایکبـوون و هاتنەئـارای ژانرێکـی تـر، شـیعر بووەتـە سـەرچاوە بـۆ پەیدابوونـی ژانـری شـانۆ. پەیوەنـدی و کاریگەریـی نێـوان ژانـرەکان وای کـردووە هەندێـک ژانـری نـوێ لەدایـک ببـن و هەندێکـی دیکـە لاواز بـبن، یـان لەناوبچـن... کەواتـە سـەرەتای شـانۆ لـە ئەدەبیاتـی گەلانـدا بـە شـێوەی نـووسراوی پەخشـان نەبـووە، بەڵکـوو کاتێـک ئەکتـەرەکان دەچوونـە سـەر تەختـەی شـانۆ، قسـەکانیان بـە شـیعر دەربڕیـوە. یەکـەم نووسـەرانی بـواری شـانۆ یۆنانییـەکان بـوون، بـە شـێوازی شـیعر شـانۆیان نووسـیوە، کارەکتەرەکانیـان بیروبۆچوونـی خۆیـان دەربڕیـوە.

ئەرسـتۆش لـە هونـەری شیعردا ئامـاژەی بـە جۆرەکانـی شـیعر کـردووە، شـیعری داسـتانی و شـیعری تراژیـدی و شـیعری کۆمیـدی و شـیعری دیترامبـی (مەولـوود، نـازم، ٢٠١٨، ل٣٨). نووسـەرە بەناوبانگەکانـی یۆنـان لـە بـواری شـانۆیی تراژیدیـا: (سـۆفۆکلیس، یوریپیـدس، ئەسـخیلۆس)، لـە بـواری شـانۆیی کۆمیدیـا: ''ئەرسـتۆڤانس''ە (عەلـی، ٢٠١٦، ل١٦٠).

بـەم شـێوەیەش بەدوایانـدا نووسـەرانی شـانۆ لـە ئەورووپـا، کـە بەشـداریی گەورەیـان هەبـوو لـە پەرەپێدانـی هونـەری شـانۆدا. دوای نزیکـەی هـەزار سـاڵ، لـە سـەردەمی شکسـپیردا بۆمـان دەردەکەوێـت کـە هەندێـک لـە نووسـەرانی شـانۆ لـە ژمارەیـەک شـانۆنامەکانیاندا بڕگـەی نووسراویـان بـەکار هێنـاوە و هەمـوو کارەکتـەرەکان بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـە نـووسراو قسـەیان دەکـرد، تاکـوو لـە سـەدەی حەڤدەهـەم شـیعری شـانۆیی بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لەسـەر شـانۆ زاڵ بـوو، بـەڵام نووسـەرانی کۆمیـدی کـە بـەدوای ڕیالیزمـدا دەگـەڕان، پەنایـان بـردە بـەر پەخشـان، چونکـە بۆیـان دەرکـەوت کـە شـیعر چیـتر جێگـەی ڕیالیـزم ناگرێتـەوە (جـواد، ١٩٧٩، ص٣). ئەگەرچـی لـە سـەردەمی یۆنانـی کۆنـدا دوو جـۆر شـانۆ بوونـی هەبـووە، ئەوانیـش شـانۆی تراژیدیـا و شـانۆی کۆمیدیـا. هەروەکـوو لـە نووسـینەکاندا بـەو پێیـەی دەردەکەوێـت شـیعری شـانۆیی ماوەیەکـی دوورودرێـژ ماوەتـەوە و شـانۆ بـە شـیعر نمایـش کـراوە، بـە جۆرێـک هەمـوو پێیـەوەی پابەنـد بـوون، وەک ئـەوەی پیشـەی شـیعر ڕوانگـەی پێشخسـتنی شـانۆ بـووە. دوای گۆڕانکاریـی دۆخـی گـەلان، ئـەو واقیعـەی کـە کۆمەڵـگا تێیـدا بـوو، بـووە هـۆی ئـەوەی گۆڕانـکاری لـە شـێوازی نووسـینی شـانۆدا ڕوو بـدات: هاتنەکایـەوەی شـانۆیەک بـە بـێ شـیعر.

شـیعری شـانۆیی مێژوویەکـی کۆنـتری بـە بـەراورد بـە مێـژووی سـەرهەڵدانی شـانۆ هەیـە، مێـژووی سـەرهەڵدانی شـیعری شـانۆیی بـۆ پێـش ئەرسـتۆش دەگەڕێتـەوە. لـە دوای هاتنەئـارای ڕیالیـزم ئەگەرچـی شـانۆ بـە شـێوەی پەخشـان نـووسراوە، پەخشـانێکی ئـاوازداری لـە نواندنـدا پێـوە دیـار بـووە. لـە سـەردەمی تـازەدا واقیعیەتـی شـیعر جیـا کراوەتـەوە لـە شـانۆ، تەنیـا کەمێـک لـە نووسـەرانی شـانۆ نەبێـت کـە شـانۆی شـیعرییان نووسـیوە، لەوانـە ''ت. س. ئیلیـۆت'' کـە

ئـەم نووسـەرە بـە نووسـینی ئـەم جـۆرە شـانۆیە ناوبانگـی دەرکردبـوو، تاکـوو هەندێـک لەوانـەی کـە شـیعریان لـە شـانۆ جیـا کـردەوە هەوڵیـان دا قەرەبـووی ئـەوە بکەنـەوە بـە دیاریکردنـی زمانێکـی تایبـەت بـۆ نووسـینی پەخشـان کـە تایبەتمەندیـی دەنگـی و ڕوخسـارێکی زینـدوو و جووڵـەی تێدایـە، هەروەهـا تیایـدا بەڵگەکارییەکـی قـووڵ بـۆ دەروونـی کەسـایەتی و دۆخـەکان بوونـی هەیـە. ئـەوەی مەبەسـتمانە دەکرێـت بـەو وتـەی ''ت. س. ئیلیـۆت'' لـە وتـاری ''دەربـارەی شـیعری شـانۆیی''دا ڕوونـی بکەینـەوە، کـە دەڵێـت: پەیوەنـدی لـە نێـوان شـیعر و شـانۆدا نییـە، بـەڵام هەمـوو شـیعرێک دەشـێت وێنەیەکـی نواندنـی تێـدا بێـت و هەمـوو شـانۆیەکیش مەیلێکـی شـیعریی لەخـۆ گرتبێـت (هـلال، ١٩٧٥، ص٥١). کەواتـە بۆمـان دەردەکەوێـت سـەرەتای شـانۆ بـە شیعر دەسـتی پـێ کـردووە، بـە جۆرێـک ئەوانـەی هاتوونەتـە سـەر تەختـەی شـانۆ بـە شـیعر نمایشـیان کـردووە. بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێـژ شـانۆ لـە باوەشـی شـیعردا نەشـونمای کـردووە، دواتـر لـە هەنـاوی شـیعرەوە شـانۆ سـەری هەڵـداوە، لێـرەوە بایەخـی ئـەم ژانـرە گرنگـە، وەک پێویسـتی بـۆ خزمـەت و گەیانـدن و باڵابوونـی لـە نـاو کۆمەڵگـەدا دەکرێـت بیخەینـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە، چونکـە سـەرچاوەی پێشخسـتن و گەشـەکردنی نەوەکانـی کۆمەڵـە.

**٢. ناساندنی شیعری شانۆیی**

شـیعری شـانۆیی وەک ژانرێکـی گرنـگ چەندیـن قۆناغـی بڕیـوە، ئەگەرچـی لـە سـەرەتای دەرکەوتنیـدا بەهایەکـی پێوسـتی بـۆ منـداڵ نەبـووە، ڕەچـاوی ئـەوە نەکـراوە منـداڵ بەشـدار بـن، یاخـود بینـەر بـن. ''شـیعر بـەو شـێوەی کـە نـاسراوە، جۆرەکانـی بریتیـن لـە شـیعری گۆرانـی، شـیعری چیرۆکـی و داسـتانی، شـیعری فێرکـردن، شـیعری شـانۆیی و نوانـدن'' (یعقـوب، العاصـی، ١٩٨٧، ص٧٣٨). شـیعری شـانۆیی جـۆری چوارەمـی شـیعرە و تـا ڕادەیـەک ئـەم جـۆرە شـیعرانە پەیوەنـدی و لێکنزیکبوونیـان بـە یەکـترەوە هەیـە، چونکـە سـەرەتای دەرکەوتنیـان پەیوەندییـان بـە خزمەتـی کۆمەڵـگاوە هەیـە، بەمـەش توانیویانـە گەشـەکردن بەخۆیانـەوە ببینـن. شـیعریی شـانۆیی، وەکـوو هونـەر ''لـە سێ پایـەی سـەرەکی پێـک دێـت کـە ئەوانیـش بریتیـن: لـە شـیعر، مۆسـیقا، سـەما، ئاوێتـەی یەکتریـن لـە نمایشـکردنی شـانۆدا بـە ڕێـژەی جیـاوازی بـە پێـی شـوێنەکانیان بـەکار دێـن'' (الیـاس، حسـن، ١٩٩٧، ص٢٧٧). ئاوێتەبوونـی (شـیعر، مۆسـیقا، سـەما)، کـە هەرسـێکیان جوانیـی بـەو ژانـرە ئەدەبییـە بەخشـیوە، کـە شـیعر بـە کێـش و سـەروا، مۆسـیقا بـە تـۆن و ئـاواز، سـەماش هەمیشـە بـە جووڵەیەکـی بـەردەوام وا دەکات ئـەو ژانـرە بـۆ منـداڵان پـڕ بایـەخ و گرنـگ بێـت.

محەمـەد غنیمیـی هـلال (د) ئامـاژەی بـەوە کـردووە: کـە شـیعری شـانۆیی دیالۆگـە، دیالۆگـی شـانۆیی کۆمەڵێـک گوتـە نییـە ئاڕاسـتەی جەمـاوەر بکرێـت، بەڵکـوو بـەو گێڕانەوەیـە دەگوترێـت کـە ئـەو کارەکتەرانـە دەیڵێـن لـە بەرامبـەر کەسـانی دیکـەدا. ئـەوەی کـە دەیڵێـن خوێندنەوەیـەک نییـە بـۆ گوتـە، یاخـود شـیعرێکی لەبەرکـراو، یاخـود وتـاردان بـۆ جەمـاوەر، بەڵکـوو ئـەو دیالۆگـە خـودی خـۆی کردەیەکـە کـە دەبینرێـت لـەو کارەکتەرانـە کـە ئـەو کردەیـە دەنوێنـن (هـلال، ١٩٧٥، ص٥٢). کەواتـە شـیعری شـانۆیی لـە ڕێگـەی شـیعرەوە گفتوگـۆی نـاو تێکسـتەکە دەگەیەنـن بـە جەمـاوەر، کـە لـە لایـەن چەنـد کارەکتەرێکـەوە ئەنجـام دەدرێـت. هـەر لـەو بارەیـەوە ''ئەسـماء تریـش'' بـەم شـێوەیە پێناسـەی شـیعری شـانۆیی دەکات و دەڵێـت: ''شـیعر لـە شـانۆدا کردارێکـە کـە لـە لایـەن شـانۆکارەکانەوە پێشـکەش دەکرێـت، شـیعری شـانۆیی واتـە ئـەو شـانۆگەرییەی کـە بـە زمانێکـی شـیعری نـووسراوە کـە سروشـتێکی شـیعریی هەیـە کـە ئـەوان نموونـەی کرۆکـی بابەتـی سـەرەکیی ئـەو شـانۆیە دەگەیەنـن و پێشکەشـی دەکـەن، خۆشـیان لەگەڵـی ئاوێتـە دەکـەن، نـەک تەنیـا قسـەکردن بێـت'' (تریـش، ٢٠١٧، ص١٠).

دەتوانیـن بڵێیـن لـە کـۆی ئـەو پێناسـانەی کـە خراونەتـە ڕوو، شـیعری شـانۆیی بەرهەمێکـی ئەدەبییـە، شـیعر و شـانۆ ئاوێتـەی یەکـتری کـراون. ئـەو بەرهەمـە بـۆ سـەر تەختـەی شـانۆ نـووسراوە، نـەک بـۆ خوێندنـەوە. واتـە شـیعر شـانۆیی پێشـکەش دەکرێـت، کارەکتـەرەکان بـە ڕۆڵـی خۆیـان هەڵدەسـتن بـۆ ئـەوەی سـیمایەکی جوانـی هونەرییانـە بـە دەقەکـە ببەخشـن، بـە جۆرێـک لـە بەرامبـەر جەمـاوەردا هەموویـان بـۆ بەرهەمەکـە کەمەندکێـش بکـەن، ئـەم ژانـرە

لـە لایـەک شـیعرە بـە کێـش و سـەرواوە، لـە لایەکـی تـر سـەرجەم توخـم و پێکهاتـە و شـانۆییەکان لەخـۆ دەگرێـت، ئـەوەش وای کـردووە بەرهەمـی شـیعری شـانۆیی وەکـوو هونەرێکـی جـوان و بـەرز و دەوڵەمەنـد بـە وێنـەی شـیعری و خـۆی بهێڵێتـەوە.

### ٣. لایەنە تەکنیکی و پێکهاتەکانی شیعری شانۆیی

مەبەسـت لـە شـیعری شـانۆیی ئامادەکردنـی شـانۆگەرییەکە بـە زمانـی شـیعر، کـە لـە ڕێگـەی هۆکارەکانـی گەیاندنـەوە پێشـکەش دەکرێـت، ئەمـە جۆرێکـە لـە داهێنانـی شـیعر، لـەو دەقـە شـانۆییەی کـە بـە شـیعر نـووسراوە، پێویسـتە چەنـد توخمێـک هەبێـت کـە بونیـادی دەقەکـە پێـک دێنـن، توخمەکانیـش وەک (کارەکتـەر، ڕووداو، کات، شـوێن، گێڕانـەوە)، لـە شـیعری شـانۆییدا ڕۆڵـی کاریگەریـان لـە پێشخسـتنی چالاکییـە شـانۆیەکەدا هەیـە، هەروەهـا هەمـوو بنەماکانـی دەقێکـی شـانۆیی بـە پەخشـان نـووسراوی تێدایـە کـە پێـک دێـت لـە کارێکـی شـانۆیی و چەنـد کارەکتەرێـک کـە بەرجەسـتەی ئـەم کارە لـە ڕێگـەی گفتوگـۆوە بـۆ کارە شـانۆییەکە دەکـەن، لەگـەڵ هەڵبژاردنـی کارەکتـەری گونجـاو و دانانـی مۆسـیقا و ئـاوازی تایبـەت، هەروەهـا دەربڕینـی زمانـی شـیعری زۆر بـە وردی، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکـە بـە کورتتریـن ڕێـگا. کـە ئـەوان ئاوێتـەی نواندنەکـە دەبـن، نووسـەر لـەم ڕێگەیـەوە دەیەوێـت هەسـت و خەیـاڵ و ئەندێشـەی خـۆی بـە جۆرێـک دەرببڕێـت کـە ئاوێتـەی شـیعری بـکات (حسـین، ٢٠٠٩، ص١٣٩). کەواتـە یەکێـک لـە هـەرە تایبەتمەندییـە گرنگەکانـی شـیعری شـانۆیی ڕۆڵـی کارەکتەرەکانـە کـە وەکـوو توخمێکـی گرنـگ هەڵدەسـتن بـە گەیاندنـی گفتوگـۆی بابەتـی دیاریکـراو کـە بـە شـیعر نـووسراوە، بـە جۆرێـک ئاوێتـەی بـن، زیندوویەتـی ببەخشـن بـە بەرهەمەکـە.

پێویسـتە خەیـاڵ وەک ڕەگەزێکـی سـەرەکی لـە شـیعری شـانۆییدا بوونـی هەبێـت. شـیعری شـانۆیی ''واتـە بەکارهێنانـی شـیعر لـە شـانۆدا لـە ڕێگـەی دیالۆگـەوە، هەروەهـا سـوودوەرگرتنی لـە زمانێکـی شـیعریی نموونەیـی، کـە تایبەتمەندیـی هونـەری شـیعری لەخـۆ گرتبێـت و دوور بێـت لـە قسـەکردنی ئاسـایی'' (محمـد، ٢٠١٩، ص٥٩٥). لـە بنچینـەدا دیالۆگـی شـانۆیی دادەنرێـت بـۆ گوتـن نـەک بـۆ خوێندنـەوە، بۆیـە ڕسـتەی شـانۆیی تایبەتمەندیـی تایبەتـی خـۆی لـەو پێگەیـەدا هەیـە، هـەر بۆیـە نووسـەرە گەورەکانـی شـانۆی جیهانـی بـۆ ڕسـتە شـانۆییەکانیان سـیمایەکی دەنگـی و مۆسـیقی و تایبەتیـان دانـاوە، سـنوورەکانی لـە کورتـی و درێژیـدا دیـاری کـراوە، تاکـوو لـە شـانۆ پەخشانییەکانیشـدا نووسـەری شـانۆ سەربەسـت نییـە لـە داڕشـتنی ڕسـتەکان بـۆ دیالـۆگ، وەکـو ئـەو سەربەسـتییەی کـە نووسـەری پەخشـانی چیـرۆک هەیەتـی (هـلال، ١٩٧٥، ص٥٠). پێویسـتە زمانـی نووسـین لـە شـیعری شـانۆیی منداڵانـدا دوور بێـت لـە ئاڵـۆزی و دەسـتەواژەی تەمومـژاوی، لـە لایەکـی تریـش قسـەی ئاسـایی نەبێـت، هەروەهـا ڕەچـاوی قۆناغـی تەمەنـی منـداڵ بـکات، چونکـە هـەر تەمەنـە جـۆرە بەرهـەم و نووسـینێکی تایبەتـی خـۆی هەیـە.

کەواتـە شـێوازی شـیعری شـانۆیی ''وەک وێسـتگەیەکە بونیـاد دەنرێـت، ژانـرە هونەرەییـەکان دەگوازرێتـەوە بـۆ نـەوەی داهاتـوو، ئـەوەش دیـدگای نووسـەری شـانۆییە بـۆ کارەکتـەرەکان و ئـەو شـێوەژیانەی کـە هەیانبـووە، ئـەو ڕاسـتییانەی ژیـان دەخاتـە ڕوو بـە هـۆی ئـەو وێنانـەی لـە ڕێگـەی نووسـینەکەوە بۆیـان دادەڕێژێـت، کـە چـۆن ئـەو کارەکتەرانـە دەبینـێ و لـە جیهانـی خۆیانـدا کـە تێیـدا دەژیـن بـە دیدگایەکـی بابەتیانـە، وە ئـەو ڕێگایـەی کـە خەیاڵـی پـێ زاڵ دەکات بەسـەر وێنـەی کارەکتـەرەکان لـە بارودۆخـە جیاوازەکانـدا، هەروەهـا هێـزی کارەکتەرەکانـی نـاو شـانۆ و وێنەکانیـان لـە لای نووسـەر بـۆ بونیـادی نوانـدن دوو کاری پەیوەسـتن بەیەکـەوە'' (هـلال، ١٩٧٥، ص٤٩-٥٠). نووسـەر دیـد و پەیامـی بـەو وێنـەی کـە دروسـتی کـردووە؛ لـە ڕێگـەی داڕشـتنێکەوە دەردەبڕێـت، کاتێـک کارەکتـەرەکان لێزانانـە بتوانـن ئـەوەی نووسـەر مەبەسـتیەتی بـە شـێوەیەکی جـوان پێشکەشـی بکـەن کـە کارەکتـەرەکان دەتوانـن بەرهەمـی نووسـەر بـە زیندوویـی بهێڵنـەوە و دەشـتوانن بیشـێوێنن و تێکی بـدەن. بۆیـە زۆر جـار دەرهێنـەری شـانۆ بـەدوای کارەکتـەری گونجـاودا دەگەڕێـت، تاکـوو بەرهەمەکـە سـەرکەوتوو بێـت، بـە جۆرێـک ئاوێتـەی بـن وا بزانـن ئـەوە واقیعێکـە و

ئـەوان پێشکەشـی دەکـەن، لەبـەر ئـەوەی ئەکتـەر کاتێـک لـە سـەر تەختـەی شـانۆ نمایـش دەکات تەنیـا دەربڕیـن و قسـەکردن نییـە و بـەس، بەڵکـوو هـاوکات لەگـەڵ دەربڕینـی زمـان، زمانـی جەسـتە و ئـاواز و جووڵـە و سـەما و مۆسـیقا بەیەکـەوە ئاوێتـە دەکات، کارەکتـەر لـە کاتـی نمایشـدا هەوڵـی دەرخستنی شـیعرەکە بـە شـانۆ لـە ڕێگـەی کارەکتەرەکانـەوە بـە وێناکردنـی هونەرمەندانـە دەدات، تاکـوو بـە شـێوەیەکی جـوان لـە سـەر تەختـەی شـانۆ پیـادەی بـکات.

''کوکتـو'' لـە بەرزتریـن ئـەو دەنگانەیـە کـە پێـی وایـە شـیعر لـە گرنگتریـن ڕەگەزەکانـی شـانۆیە (جـواد، ١٩٧٩، ص١٧-١٨). یەکێکـی تـر لـە بنەمایەکانـی شـیعری شـانۆیی ئیلهامـی هونەرییـە، کـە هەروەکـوو ''ئیلیـوت'' ئامـاژەی پـێ داوە، ئەمـەش ئـەم یەکگرتنەیـە لـە نێـوان ئـەو چالاکییـەی کـە شـیعر لـە شـانۆدا بەرهەمـی دێنێـت. کەواتـە جەوهـەری شـانۆی شـیعریی شـیعرە. واتـە شـیعر گیانبەبەرداکردنـی هەسـتەکانە، کـە توانـای بەرجەسـتەکردنی هەسـتەکانیان هەیـە، شـیعر بارودۆخـی هەسـتە هاوچەشـنەکان، یـان دژبەیەکـەکان تیایـدا کـۆ دەبێتـەوە (عنانـی،؟، ص٣٧).

**تەوەری دووەم: شانۆ و شانۆی منداڵان**

**١. شانۆ**

شانۆ ژانرێکـە لـە ژانرەکانـی ئـەدەب، خاسیەت و تایبەتمەندیـی خـۆی هەیـە، هەوڵـی نووسـەرانی شـانۆیە بـۆ گەیاندنـی بیروبۆچوونەکانـی دەربـارەی ئـەو کێشـە و گیروگرفتانـەی کـە لـە نـاو کۆمەڵگـەدا سـەر هەڵـدەدەن.

واتـە شـانۆ سـوود لـە واقیعـی ژیـان وەردەگرێـت، ڕووداوەکانـی ژیانـی ڕاسـتەقینە نمایـش دەکات، لـە ڕێـگای ئـەو کارەکتەرانـەی کـە نمایـش دەکـەن. شـانۆ نمایشـکردنی ژیانـە لـە سـەر تەختـەی شـانۆ بـە جوانـی و ناشـیرنییەکانیەوە، هەروەهـا کاریگەرییەکـی زۆر لەسـەر جەمـاوەر دروسـت دەکات، چونکـە ئامرازێکـی بیـنراو و قسـەکردنە. لێکۆڵـەران و نووسـەران چەندیـن پێناسـەی جیاوازیـان بـۆ شـانۆ کـردووە، لـە فەرهەنگەکانـدا بـەم شـێوەیە بـاس لـە شـانۆ کـراوە:

''مجـدی وهبـە'' لـە ''معجـم مصطلحـات الأدب''دا بـەم شـێوەیە پێناسـەی کـردووە: ''پێـک هاتـووە لـە شـیعر، یـان پەخشـان، وەسـفی ژیـان، یـان کەسـایەتییەکان دەکات، یاخـود چیرۆکێـک دەگێڕێتـەوە'' (وهبـە، ١٩٧٤، ص١٢١).

ئـەم چیرۆکانـەش بـە شـێوەی دیالـۆگ لـە نێـوان کارەکتەرەکانـدا لـە سـەر تەختـەی شـانۆ نمایـش دەکرێـن، بـۆ دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ کێشـەکانی ژیـان.

لـە فەرهەنگـی ''خـاڵ''دا بـەم شـێوەیە بـاس لـە شـانۆ کـراوە: ''شـانۆ شـوێنێکی بـەرزە لـە تەختـە دروسـت دەکـرێ، سـۆزانی لـە سـەری سـەما دەکات، شـوێنێکە تەمسـیلی لـە سـەر دەکـرێ'' (خـاڵ، ٢٠٠٥، ل٢٨٨).

جـاران وا بـاو نەبـووە کـە ئافـرەت نمایـش بـکات، بۆیـە ئـەو ئافرەتانـەی کـە نمایشـیان دەکـرد؛ پێیـان دەوتـرا سـۆزانی.

فەرهەنگـی ''هەنبانەبۆرینـە'' بـەم جـۆرە بـاس لـە شـانۆ دەکات: ''شـانۆ سـەکۆی کۆسـەبازی، شـوێنی هونەرنواندنـی وازیکـەران'' (هـەژار، ١٣٨١، ل٢٦٦).

لێکۆڵـەران و نووسـەران چەندیـن پێناسـەی جیاوازیـان بـۆ شـانۆ کـردووە، هەریەکەیـان لـە گۆشـەنیگای تایبەتـی خۆیانـەوە:

لـە کتێبـی ''اتجاهـات جدیـدة في المسرح''دا بـەم شـێوەیە لـە بـارەی دواوە و دەڵێـت: ''شـانۆ بریتییـە لـە هونـەری تەماشـاکردن و بینیـن'' (هیلتـون، ١٩٩٥، ص٩٩).

هەمـوو شـانۆیەک کـە نمایـش دەکرێـت بـێ مەبەسـت نییـە، بەڵکـوو کێشـە و گرفتەکانـی نێـو کۆمەڵـگا بـۆ جەمـاوەر زەق دەکاتـەوە تاکـوو درکـی پـێ بکـەن و چارەسـەری بـۆ بدۆزنـەوە. کەواتـە ''شـانۆ کۆمەڵێـک ئامانـج و مەبەسـت بەدەسـت دەهێنێـت کـە سروشـتێکی کۆمەڵایەتـی و دەروونیـی هەیـە، لەوانـەش چارەسـەری نەگونجـان و ئاڵـۆزی و کەموکـوڕی و هەنـدێ نەخۆشـیی دەروونـی، هەروەهـا کار دەکات بـۆ ڕێکخسـتنی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتـی و دەروونییـەکان لـە نێـوان خەڵکـی و زیاتـر ئاسـتی لێکتێگەیشـتن لـە نێوانیـان'' (الملحم، ١٩٩٤، ص٩٠). شـانۆ مێژوویەکـی کۆنـی هەیـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی میسـڕییە کۆنـەکان، یۆنانییـەکان، چونکـە ''شـوێنەوارە مێژووییەکانـی فیرعەونـەکان بۆمـان دەردەخـەن کـە شـانۆ بوونـی هەبـووە لـە وڵاتـی میسـڕی کۆنـدا. کۆمەڵێـک شـوێنەوار و وێنـەی نەخشـێنراو دۆزراونەتـەوە لـە ناوچەکـەدا، دەریدەخـات کـە پێشـتر چیـرۆک و سەرگوزشـتەکانیان بـە شـێوەی شـانۆیی و نوانـدن

گێڕاوەتەوە، هەر چی یۆنانییەکانن ئەوان بەکاری شانۆی ناوبانگیان دەرکردووە، ئەوان گرنگییەکی زۆریان بە ئەدەب و هونەر داوە و بە تایبەتییش هونەری شانۆ" (الملحم، ١٩٩٤، ص٨٤). لای یۆنانییەکانیش "سەرەتای وشەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی 'Dran'، بە واتایی 'do, act' هاتووە" (www. oxford learners dictionaries.com). هەروەها "ئەو تابلۆیانەش دەگرێتەوە کە نیگارکێشە یۆنانییە کۆنەکان لە سەدەی پێنجەمی پێش زایینی کێشاویانە، کە گرنگییەکی زۆریان داوە بە سروشتی بینین و تەماشاکردن، ئەمەش سیمایەکی جیاواز و گەوهەریی بە هونەری شانۆ بەخشیوە کە بەشداربووان کۆ دەکاتەوە لە ناو یەک ڕووداودا، جا ئەوانە بن کە ئامادەی شانۆکەن، یان شانۆکەران خۆیان بن" (هیلتون، ١٩٩٥، ل٩٩). پەیدابوونی شانۆ لە ناو کورددا وەکوو ژانرەکانی تر هونەرێکی ڕۆژئاواییە، لە ڕێگای ئەدەبیاتی ئەوروپییەوە هاتووەتە ناو ئەدەبی کوردی. پێش ئەوەی زاراوەی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەکار بێت، بۆ یەکەم جار مەحوی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا زاراوەی "تیاترۆ"ی لاتینیی (Theatre) بەم شێوەیە بەکار هێناوە:

دونیا تیاترۆیە، مەوەستە بڕۆ
کێ مایەوە، کە نەبوو بێ تیا ترۆ

ئەم وشەی کە لە ناو کوردان واتای هونەری خۆی لەدەست داوە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بە ئافرەتی خراپ و شوێنی خراپ وتراوە (پیربال، ٢٠٠١، ل١١). هەروەها شاعیری نوێخوازمان عەبدوڵا گۆران بە یەکەم نووسەری کورد دادەنرێت کە زاراوەی شانۆی لە جیاتیی "مسرح" و "تمثیل"ی عەرەبی؛ "تیاتر"ی ئینگلیزی بەکار هێناوە (پیربال، ٢٠٠١، ل١١).

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا تیشکی بخەینە سەر شانۆی منداڵانە، منداڵ بەردی بناغەی ژیانە و ئەوەی دواڕۆژە، بۆیە پێویستە بە جوانترین شێوە پەروەردە بکرێت، تاکوو کۆمەڵگەیەکی تەندروست بەرهەم بێت، چونکە ئەو ژینگەی منداڵی تێدا دەژیەت ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕادەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەی لە دواڕۆژ و ئاڕاستەکردنی ڕەفتارەکانیان دەبێت. شانۆش لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنی منداڵان هەیە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی تێگەیشتن و ڕوانینی بۆ شتەکانی دەوروبەر. لە ڕێگەی شانۆوە وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەست دەکەوێت کە لە مێشکیدا کەڵەکە بووە دەربارەی دیاردەکانی ژیان و دەوروبەریان.

### ٢. چەند پێناسەیەک دەخەینە ڕوو کە بۆ شانۆی منداڵان کراوە

"ربحي مصطفی" لە کتێبی "أدب الأطفال" بەم شێوەیە پێناسەی شانۆ دەکات: "وەسفێکی ئەدەبییە و چارەسەری کێشەکانی منداڵان دەکات و گەشە بە هەستوسۆزەکان دەکات" (عليان، ٢٠١٤، ص١٩٤). هەروەها "ڕازاو ڕەشید صەبری" (د) بەم جۆرە پێناسەی شانۆی منداڵانی کردووە: "بە یەکێک لەو هونەرانە دادەنرێت کە زۆرترین کاریگەری لە سەر منداڵاندا دروست دەکات و زیاتر دەچێتە نێو دڵ و دەروونیان، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی خاسیەتەکانی نووسین و بە پێی تایبەتمەندی و پێداویستییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ" (صەبری، ٢٠٢١، ل٣٢). شانۆی منداڵان ئامانجی گەیاندنی فۆڕمێکی پەروەردەییە، شانۆ هۆکارێکە بۆ ڕوونکردنەوەی بەها جۆراوجۆرەکان، کەواتە: "شانۆی منداڵان لە پلەی یەکەم کارێکی هونەری و پلەی دووەم کارێکی پەروەردەییە، بەهاکەی بە پێی ناوەڕۆکە پەروەردەییەکان دیاری ناکرێت، بەڵکوو لە ڕێگەی چارەسەرکردنی هونەرییانەی ئەو بابەتەی تیشکیان دەخاتە سەر؛ بەهاکەی دیاری دەکرێت" (الحياري، ٢٠٠٨، ص١١٣). کەواتە شانۆ کاریگەری لەسەر عەقڵ و دەروونی منداڵان جێ دەهێڵێت و هۆشیاریان دەکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە دێتە ڕێگایان بە شێوەیەکی ژیرانە و کاریگەریی لەسەر ڕەفتاری منداڵان هەیە، ئاڕاستەکردنیان بەرەو ڕێگایەکی گونجاو. شانۆی منداڵان "دەبێت ببێتە هۆکارێکی پەروەردەیی و فێرکاری بە ئامانجی وروژاندنی خەیاڵی منداڵان و گەشەپێدانی تواناکانیان، کە شێوەیەکی ئەزموونکاری و داهێنەرانە لەخۆ دەگرێت لە ژێر چاودێریی سەرپەرشتیارانی سەنتەرەکانی ڕۆشنبیری و دامەزراوە پەروەردەییەکان" (إلياس و حسن، ١٩٩٧، ص٤١).

وەکـــوو پێشـــتر ئاماژەمـــان پـــێ کـــرد، شـــانۆ مێژوویەکـــی دێرینـــی هەیـــە، بـــەڵام شـــانۆی منـــداڵان بـــۆ یەکـــەم جـــار لـــە ســـاڵی (١٩٠٣) دامـــەزراوە، کـــە ســـەرەتا شـــانۆیەکی فێـــرکاری بـــووە، یەکێتیـــی نیویـــۆرک سەرپەرشـــتیی ئـــەو شـــانۆیەی کـــرد، تەنهـــا بـــۆ مـــاوەی ســـاڵێک بـــەردەوام بـــوو. شـــانۆی منداڵانـــی جیهانیـــش بـــۆ یەکـــەم جـــار لـــە ســـاڵی (١٩٤١) دامـــەزراوە و لـــە تـــەواوی وڵاتـــە یەکگرتـــووەکان کار و چالاکیـــی هەبـــووە (سـلام، ٢٠٠٤، ص٦٠). لـە ئەدەبـی کوردیـدا لـە سـاڵی (١٩٧٢) دا بـۆ یەکـەم جـار مامۆسـتا ''عومـەر عەبدولڕەحیـم'' کۆمەڵـە شـانۆگەرییەکی لـە ژێـر نـاوی ''شـانۆنامەی منـداڵان'' بەچـاپ گەیانـد و بـڵاو کـردەوە (هەورامـی، ٢٠٠٥، ل٣٨٣). لـە پـاش ڕاپەڕینیـــش مامۆســـتا ''عومـــەر عەلـــی ئەمیـــن'' کۆمەڵـــە شـانۆگەرییەکی بـە نـاوی ''دیـاری بـۆ شـانۆی منـداڵ'' بـڵاو کـردەوە، کـە لـە یانـزە شـانۆگەری بـۆ منـداڵان پێـک هاتـووە.

### ٣. شانۆی فێرکاری  تا چەند دەتوانێت خواستی فێرخواز بەدی بهێنێت؟

شـــانۆی پەروەردەیـــی شـــانۆیەکە ناوەرۆکـــی پەروەردەیـــی پێشـــکەش بـــە منـــداڵان دەکات، بابەتـــە پەروەردەییەکـــە بـــە شـــێوەی نواندنـــی ئامانجـــدار دەیخاتـــە ڕوو کـــە یارمەتیـــی منـــداڵ دەدات لـــە ســـەر تێگەیشـــتن و دەرککـــردن و هەسـتکردن، بـە چەنـد جۆرێـک لایەنـی ڕۆشـنبیری بەهێـز دەکات، وەک زانیاریـــی گشـــتی، واقیعـــی کۆمەڵـــگا لـــە ژینگـەی منداڵـدا دەناسـێنێ کـە ئـەو بابەتـە بـۆی پێشـکەش دەکرێـت کارئاسـانی دەکات بـۆ فێربوونـی بابەتەکانـی کـە لـە پرۆگرامەکانـی خوێنـدن وەریدەگرێـت. لـەم چەنـد خاڵـەی خـوارەوەدا لایەنـە فێـرکاری و پەروەردەییـەکان دەخەینـە ڕوو:

١. کاتبەسەربردن و خۆشیوەرگرتن لە لایەن فێرخوازە.

٢. دەوڵەمەندکردنـی فەرهەنگـی زمانـی، هەروەهـا پەرەپێدانـی توانـای فێرخـواز بـۆ دەربڕیـن.

٣. بەرزکردنـەوەی متمانـەی فێرخـواز و گەشـەپێدانی هەسـتە ئەرێنییـەکان و تێگەیشـتنی دروسـت لـە لای منـداڵ.

٤. فێرکردنـی چەندیـن خـوی کۆمەڵایەتـی و بەهـای ڕەفتـاری خـوازراو بـۆ فێرخـواز.

٥. خســـتنەڕووی پرۆگرامـــی قوتابخانـــەکان بـــە شـــێوەیەکی ئاســـانتر بـــۆ فێرخـــوازان.

٦. خاڵیکردنـەوەی وزەی زۆری فێرخـواز لـە ڕێگـەی چالاکییـەکان و کەمکردنـەوەی فشـاری دەروونـی.

٧. پەرەپێدانـــی گیانـــی هـــاوکاری و کارکردنـــی گرووپـــی لـــە ڕێگـەی بەشـداریکردن لـە چالاکییەکانـدا و دەرخسـتنی توانـا و بەهـرەی منـداڵ (عبداللطيـف، عبدالوهـاب، الشـاهد، العطـار، ٢٠١٥، ص١٨٣).

٨. گەشەپێدانی کردەی جووڵەیی و جەستەیی منداڵ.

٩. گەشـــەپێدانی هەندێـــک هەڵوێســـت و ئاراســـتەی ئەرێنـــی دەربـــارەی بەهـــا ئایینییـــەکان و کۆمەڵایەتییـــەکان.

١٠. گەشـــەپێدانی هەســـتی نیشـــتمانی لای منـــداڵ و فێرخـــواز لـە قوتابخانـەدا، لـە ڕێگـەی نیشـاندنی شـانۆ لـە سـەر ئاسـتی جیـاواز.

١١. پێدانـی زانیـاری بـە منـداڵان لـە ڕێـگای ئـەو ئەزموونانـەی پێشکەشـیان دەکرێـت.

١٢. وەبەرهێنانـی کات و وزەی منـداڵ و فێرخـواز بـەو شـتانەی کـە بەسـوود و چێژبەخشـن (المالـكي، ٢٠١٠، ص١٧٥).

### ٤. گرنگیی شانۆی پەروەردەیی

لەبـەر ئـەوەی منـداڵ مەیلێکـی زۆری بـۆ ئـەو ژانـرە هەیـە، دەتوانێـت کاریگەریـی ئەرێنـی لەسـەر منـداڵ بەجـێ بێڵـی بـە پێـی ناوەرۆکـی ئـەو بەرهەمـەی پێشـکەش دەکرێـت، دەروازەی چەنـد خاڵێکـی گرنـگ بـۆ منـداڵ بکاتـەوە:

١. هاوکاریکردنـی منـداڵان لەسـەر تێگەیشـتن و گەشـەپێدانی چەمکـە ڕەوشـتییەکان.

٢. قووڵکردنـەوەی گیانـی کۆمەڵایەتـی لای منداڵان و ڕاهێنانیـان لەسـەر چارەسـەری کێشـەکانیان.

٣. هاوکاریکردنیـــان لەســـەر خوێندنـــەوەی ئـــازاد و پەروەردەکردنـــی هەســـتی بەرپرســـیارێتی.

٤. بەدیهێنانـــی ئامانجـــی ســـەرکەوتنی لـــە خوێنـــدن (حســـين، ٢٠٠٩، ص١٤١-١٤٢).

٥. هـــەوڵ دەدات فێـــری فێرخـــواز بـــکات، پابەنـــد بـــن بـــە یاسـاکانی کار و دڵنیابـوون لـە تەواوکردنـی کارە پێویسـتەکان، هـەوڵ دەدات بـۆ ڕەخسـاندنی کەشـێکی خـۆش و هـاوکاری لـە نێـوان فێرخوازانـدا.

٦. ئامرازێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو و کولتوور و ئەزموونی مرۆڤ بە گشتی.

٧. گەیاندنی بەها و دابونەریتی ئەو کۆمەڵگایەی کە فێرخواز تێیدا دەژین.

٨. لە ڕێگەی شانۆی پەروەردەییەوە دەرفەتێک بۆ تێپەڕاندنی گرفتی بەردەم فێرخوازان دەڕەخسێت.

٩. ڕاهێنانی فێرخواز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بەرەنگارییانەی لە ژیاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە (عبداللطیف - عبدالوهاب - الشاهد - العطار، ٢٠١٥، ص ١٨٤).

١٠. کاریگەری دەخاتە سەر توانای دەربڕینی ناخی منداڵ.

١١. منداڵ چارەسەر بۆ کێشەکان دەدۆزێتەوە و خۆی لەگەڵ دەگونجێنێ.

١٢. زمانی گفتوگۆ ڕەوان دەکات و کێشە و گیروگرفتەکانی زمان دەشارێتەوە (زمانگرتن، لاڵی، گیربوون).

١٣. منداڵ فێر دەکات خۆگر و وابەستە و گوێڕایەڵ بێت، زانیاریی زۆرتر بە منداڵ دەبەخشێت و توانای گەڕان و لێبوردبوونەوەی زۆر دەکات (عەلی، ٢٠١٦، ل٤٢٠).

## بەشی دووەم: ڕۆڵ و کاریگەریی شیعری شانۆیی لای منداڵان

### تەوەری یەکەم: کاریگەریی شیعری شانۆیی لە سەر منداڵان لە ڕووی پەروەردەیی و فێرکردنەوە

**١. بۆ چی منداڵان حەز بەم جۆرە ژانرە دەکەن؟**

منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵ بەرەو سەرەوە بە سروشتی خۆی حەز بەو کردارانە دەکات کە چالاکیی تێدایە، لەبەر ئەوەی شیعری شانۆیی مەیلدارە بە ئاواز و مۆسیقا و سەماوە، منداڵ لەو تەمەنەوە ئارەزووی دەکات و چێژی زیاتری لێ وەردەگرێت، منداڵ سروشتی لاساییکردنەوەی تێدایە، لە قۆناغەکانی سەرەتای تەمەنیدا هەوڵ دەدات لاسایی کەسانی دەوروبەری بکاتەوە، زانایانی بواری پەروەردە پێیان وایە ڕەفتارەکانی منداڵ لە ڕێگەی لاساییکردنەوە یان چاولێکردنی ئەوانی دیکەوە دروست دەبن، وەک ''باندورا'' لە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتیدا باسی کردووە کە منداڵ تاک مەیلێکی زگماکی هەیە بۆ لاساییکردنەوەی ڕەفتاری کەسانی دیکە، هەندێک ڕەفتار لە کەسانی دەوروبەری وەردەگرێت تەنانەت ئەگەر هیچ پاداشتێکیشی لەسەر وەرنەگرێت. بڵاوبوونەوەی شێواز و ستایلەکانی جلوبەرگ بەڵگەیەکی ڕوونە بۆ فێربوون لە ڕێگەی چاولێکردن و لاساییکردنەوە. واتە لاساییکردنەوە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ڕەفتارە نوێیەکان، یان گۆڕانکاری لە ڕەفتارە کۆنەکاندا، تاکەکان زیاتر لاسایی ئەو ڕەفتارانە دەکەنەوە کە لەگەڵ شێوازی ژیانی خۆیاندا بگونجێت، واتە بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنە دەتوانرێت ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی باش بە چاولێکردن و لاساییکردنەوەی ئەوانی دیکە فێر بکرێت (عبداللطیف، عبدالوهاب، الشاهد، العطار، ٢٠١٥، ص١٩٠).

منداڵان شیعری شانۆیی وەکوو ئاهەنگێکی شادی دەبینن، بۆیە زیاتر ئاوێتە و تێکەڵی دەبن و بە تایبەت قۆناغی باخچەی منداڵان هۆگری ئەم جۆرە شانۆیەن. لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکییە شانۆیەکە منداڵان دەست دەکەن بە خۆشی و شادی، لەگەڵ چالاکییەکە دێڕ و کۆپلەکانی شیعرە شانۆییەکە دەڵێنەوە، ئەمەش کاریگەری و لێکەوتەی بەهێز لەسەر منداڵ جێ دەهێڵێت، بۆیە شانۆ و شیعری شانۆیی بۆ منداڵ باشترین هۆکارە بۆ لاساییکرنەوەی ئەو بابەت و بەها جوانانەی دەمانەوێت لە منداڵدا گەشەی پێ بدەین، بە جۆرێک پێشکەشکردنی دەقێکی نووسراوە بۆ بینەر بە تایبەتمەندیی سەرجەم توخمەکانی شانۆ لە سەر تەختەی شانۆ، ئەمەش وای کردووە بۆ قۆناغی (٣-٥) ساڵی تەمەنی منداڵ گرنگ و پڕ بایەخ بێت، چونکە لەو تەمەنەدا منداڵ خوێندەواریی نییە و بابەت و بەهاکان دەکرێت لە ڕێگەی شانۆوە بە منداڵ بگەیەنرێت.

''جان جاک ڕۆسۆ''؛ نواندن، یان نمایش بۆ منداڵ بە باشترین هۆکاری فێرکردن بۆ منداڵ دادەنێت (المالكي، ٢٠١٠، ص١٨٠). یەکێک لەو جۆرانە شیعری شانۆیە کە منداڵ زیاتر حەزی پێ دەکەن و چێژی زیاتری لێ وەردەگرن، لەبەر ئەوەی شیعری شانۆیی بۆ منداڵان ئاسانن، بە چەند تایبەتمەندییەک پێشکەش دەکرێن. شیعری شانۆیی کێش و سەرواداره و کۆپلە کۆپلەیە و سەما و مۆسیقای تێدایە، زمانی شیعری لە شیعری شانۆییدا

بـە هـۆی گرێدانـی گۆرانـی و ئاخاوتـن لـە دەقـدا دەتوانـن پێکـەوە کـۆ ببنـەوە. شـیعری شـانۆیی ڕێگایەکـە بـۆ ئـەوەی یارمەتیـی فێرخـوازان بـدات ئەرێنـی بـن، کاتێـک داوایـان لـێ دەکرێـت بەشـداریی ئـەم چالاکییـە بکـەن، ئەمـە جگـە لـەوەی ئەزموونێکـی ئەرێنـی بـە فێرخـوازان دەدات، ئەزموونـی کاری گرووپـی بەهێـز دەکات و یارمەتییـان دەدات بـۆ ئـەوەی زیاتـر داهێنـەر بـن (Pose M، ١٩٧٩، 2p).

**٢.** نووسـەر لـە کاتـی نووسـینی شـانۆ و شـیعری شـانۆی منداڵانـدا پێویسـتە ڕەچـاوی ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە بـکات: لـە ڕاسـتیدا شـانۆی منـداڵ بـە تایبەتـی شـانۆی شـیعری لـە لایـەن گەورەکانـەوە زۆر گرنگیـی پـێ نـەدراوە و زۆرینەیـان خۆیـان دەپارێـزن دەربـارەی نووسـین لـە سـەر ئـەو بابەتـە، بـە کورتـی بەرهەمـی شـیعری شـانۆیی بـۆ منـداڵان وەکـوو شـانۆی پەخشـانی گرنگیـی پـێ نادرێـت (زلـط، ١٩٩٩، ص١٧٤). گرنگـە نووسـەری تێکسـتی شـیعری شـانۆیی ڕەچـاوی قۆناغەکانـی تەمەنـی منـداڵ بـکات و ئـاگاداری وشـە و دەسـتەواژەکانی بێـت، چونکـە هـەر تەمەنـە جـۆرە نووسـینێکی خـۆی دەوێـت کـە پێویسـتە لـە ئاسـت تێگەیشـتن و گەشـەکردن و بەرەوپێشـبردن و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیریی منـداڵ بێـت، بۆیـە پێویسـتی ڕەچـاوی ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە بکـەن:

١. نووسـەران کـە شـانۆ پێشـکەش بـە منـداڵان دەکـەن، دەبێـت ئـەو وشـانە هەڵبژێـرن کـە لەگـەڵ واقیـع و ئەزموونەکانیانـدا بگونجێـت، وشـەی گونجـاو بـە گوێـرەی بابـەت، بـاری دەروونـی، پێگەیشـتنی مەعریفـی، پاشـخانی کولتـووری و سـەردەمیانە.

٢. پێویسـتە ڕەچـاوی گونجـاوی ماوەکـەی لەگـەڵ تەمەنـی منداڵـدا بـکات، چونکـە هـەر بابەتێـک بـۆ تەمەنێکـی دیاریکـراو گونجـاوە، جیـاوازە لـە تەمەنێکـی تـر. منداڵانـی تەمـەن چـوار سـاڵ ئـارەزووی بابەتێـک دەکـەن جیـاوازە لـە منداڵانـی تەمـەن یـازدە سـاڵ، چونکـە ئەگـەر کاتەکـەی درێـژە بکێشـێت، دەبێتـە هـۆی ماندووبـوون و بێزاریـی منـداڵ.

٣. ڕووداوەکانـی شـانۆ و شـیعری شـانۆیی بـە جۆرێـک بێـت منـداڵان تووشـی شـڵەژان و لێکتێنەگەیشـتن نەبـن، واتـە "شـانۆییەکە ئاڵـۆز نەبێـت، یـان کەسـایەتیی زۆر تێـدا نەبێـت، یـان لایەنێکـی ئاڵـۆزی هەبێـت، یـان ئـەو دەقـەی دەگەڕێنـەوە بـۆ ڕابـردوو، ئەمـەش وا دەکات منـداڵان تێنەگـەن و بشـڵەژێن" (علیـان، ٢٠١٤، ص٢٠٢)، واتـە بابەتـی شـانۆییەکە سـادە بێـت و ئاڵۆزیـی تێـدا نەبێـت.

٤. شـیعری شـانۆیی پێویسـتە خـۆی لـە ئاڵـۆزی و کارەکتـەری زۆر بـەدوور بگرێـت، بـۆ ئـەوەی منـداڵ تووشـی سەرلێشـێوان نـەکات و لەگـەڵ تێگەیشـتنی منـداڵان بێتـەوە.

٥. شـیعری شـانۆیی ڕەگەزێکـی دڵخۆشـکەرە کـە لای منـداڵان خۆشەویسـتە، پێویسـتە بـە گیانێکـی ئـارام و ویسـتراو لای منـداڵ پێشـکەش بکرێـت، لەگـەڵ سروشـتیاندا کـۆک بێـت، بـە پێشـەکییەکی سـەرنجڕاکێش دەسـت پـێ بکرێـت (محمـد، ٢٠١٩، ص٦٠٦).

٦. ئـەو زمانـەی کـە لـە شـانۆ بـەکار دێـت؛ زمانێکـی پـاراو بێـت، زمانێکـی ڕوون و سـادە بێـت و دوور بێـت لـە زاراوە و دەسـتەواژەی ئاڵـۆز و بێگانـە، زاراوە و دەسـتەواژەکان مانـادار بـن، چونکـە ئەمـە دەبێتـە هۆیـەک بـۆ تێگەیشـتنی وشـە و ڕسـتەکان، نابێـت هەڵگـری واتـای جۆراوجـۆر بـن و سـەر لـە منـداڵان بشـێوێنن، بەڵکـوو بـە جۆرێـک بێـت هـەر وشـەیەک یـەک واتـای هەبێـت و منداڵانیـش پێـی ئاشـنا بـن، بـە گوێـرەی ئاسـتی تەمەنـی ئـەو منداڵانـە بێـت کـە بۆیـان نمایـش دەکرێـت.

٧. ئـەو کارەکتەرانـەی بەشـداری دەکـەن لـە نمایشـکردنی شـانۆ و شـیعری شـانۆیی؛ پێویسـتە "لای منـداڵان خۆشەویسـت بـن و شـانۆییەکە هیـچ کاریگەرییەکـی خـراپ لەسـەر منـداڵان دروسـت نـەکات، پێویسـتە کارەکتـەرە خراپـەکان بـە شـێوەیەک نمایـش بکرێـت کـە منـداڵان پێـی پێبکەنـن" (علیـان، ٢٠١٤، ص٢٠٢).

٨. شـێوازی پێشکەشـکردنی شـانۆی منـداڵان شـێوازێکی ڕوون بێـت و ئاڵـۆز نەبێـت، نەبێتـە هـۆی بێزارکردنـی منـداڵ.

٩. شـانۆی منـداڵان پێویسـتە سـەرەتایەکی سەرنجڕاکێشـی هەبێـت و توانـای دڵخۆشـکردنی منداڵانـی هەبێـت بـە جۆرێـک "سـەرەتا و کۆتاییەکـەی چێژبەخـش و ئامانجـدار

بێـت" (علیـان، ٢٠١٤، ص٢٠٢).

١٠. شـانۆیی و شـیعری شـانۆیی منـداڵان بـە جۆرێـک بێـت بەهـا پەروەردەییـەکان فێـری منـداڵان بـکات، واتـە خـاوەن ئامانجێکـی پەروەردەیـی بێـت.

١١. ئـەو بابەتانـەی لـە شـانۆ و شـیعری شـانۆیی منـداڵان بـاس دەکرێـن، لـەو ژینگـە کۆمەڵایەتییـە هەڵبژێردرێـن کـە منـداڵ تێیـدا دەژیـەت.

١٢. لـە شـانۆ و شـیعری شـانۆیی منداڵان؛ پێویسـتە منـداڵان بەشـداری لـە نمایشـکردنی شـانۆگەرییەکە بکـەن، چونکـە کاریگەریـی زیاتـر لەسـەر منـداڵان دروسـت دەبێـت.

تـەوەری دووەم: ڕەهەنـدە پەروەردەییەکانـی شـیعری شـانۆیی لـە دوو شـیعری شـانۆیی شـوان ئەحمـەددا

لێـرەوە تیشـک دەخەینـە سـەر شـیکردنەوەی شـیعرە شـانۆییە بڵاوکراوەکانـی "شـوان ئەحمـەد"، کـە "ژینگـە و پاڵـەوانی جەنگـەڵ"ە، کـە هەریەکەیـان چەندیـن ڕەهەنـدی پەروەردەیـی تێـدا بەرجەسـتەیە. لـە شـیعری شـانۆیی "ژینگـە"دا نووسـەر هەوڵـی داوە بەهـای ژینگەدۆسـتی لـە لای منـداڵان گەشـە پـێ بـدات، لـە ڕووی ڕەفتارییشـەوە ئاراسـتەیان بـکات بـۆ پەرەپێدانـی ڕەفتـاری دروسـت و دوورکەوتنـەوە لـە ڕەفتـاری نادروسـت بەرامبـەر بـە ژینگـە. لـە شـیعری شـانۆیی "پاڵەوانـی جەنگـەڵ"دا نووسـەر کار لەسـەر چاندنـی بەهـا پەروەردەییـەکان دەکات کـە لـە کەسـایەتیی منداڵـدا بیچێنێـت و فێریـان بـکات وریـا و بەئـاگا بـن لـە هـەر پێشـهات و ڕووداوێـک کـە ڕووبەڕوویـان دەبێتـەوە لـە ژیانـی ڕۆژانەیانـدا. ڕەفتـاری گونجـاو و دروسـت ئەنجـام بـدەن و لـە ڕەفتـاری چـەوت و هەڵـە دوور بکەنـەوە.

**١. بەهــای ئــاکاری و ژینگەدۆســتی و پــاک و خاوێنــی و پراکتیکییەکانــی شــیعری شــانۆیی "ژینگــە"**

نووسـەر بـاسی ژینگەپارێـزی و ژینگەدۆسـتی دەکات، لـەم شـیعرە شـانۆییەدا دەیەوێـت گرنگـی و پاراسـتنی ژینگـە بـە منـداڵان ئاشـنا بـکات، بیـکات بـە بەشـێک لـە کەسـایەتییان. ئـەم شـیعرە شـانۆییە بـۆ ئاسـتی تەمـەنی (٥ -١٢) سـاڵانە، بـە زمانێـکی سـادە و دوور لـە وشـە و چەمـکی ئاڵـۆز و بـە شـێوازی دیالـۆگ لـە نێـوان دوو کارەکتـەردا نـووسراوە، نووسـەر دەیەوێـت گیـانی ژینگەدۆسـتی لای منـداڵان دروسـت بـکات.

ژینگـەی ژیـن دەپارێـزم
بـە جەسـتە و بیـر و هێـزم
سروشـت قـەت ناشێوێنـم
لقـی داران ناشـکێنم
کانـی و کارێـز تێـک نـادەم
بـۆ خزمەتیـان ئامـادەم
فـڕێ نـادەم پاشـماوە
لـەم سروشـتە ڕازاوە
بـە چاو و بـە دەسـت و پـام
لـە خزمەتـی ژینگـەدام

(ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٧٨)

لـەم دەربڕینـەدا کارەکتـەری یەکـەم دەیەوێـت ئامۆژگاریـی کارەکتـەری دووەم و منـداڵانی تـر بـکات کـە بیروهۆشـیان بخەنـە کار و ژینگـە بپارێـزن و بـە بیروهۆشـیان هەوڵـی خزمەتکـردنی بـدەن، سروشـتی دیمـەنی جـوانی ژینگـە و کانـی و کارێزی بپارێـزن لـە پیسـبوون و تێکـدانی بـە هـۆی فڕێـدانی پاشـماوە و گەشـت و سـەردان و مانـەوە تێیـدا، هەوڵـی هێشـتنەوەی بـە ڕازاوەیـی و پـاکی بـدەن. ئەگـەر لـەو کۆپلەیـە بڕوانیـن نووسـەر دەیەوێـت منـداڵان وشـیاریی ئەوەیـان لا دروسـت بێـت کـە ناکرێـت چوونـە شـوێنێک لەگـەڵ خێزانیـان؛ ئـەو شـوێنە بـە پیـسی بەجـێ بهێڵـن.

کارەکتـەری دووەم:
ژینگـە چییـە بیپارێـزم؟
بـۆ ئـەو بـێ بیـر و هێـزم؟
سروشـت و دار و کانـی
بۆچـی لـە خزمەتیانـی؟
پاشـماوە زبـڵ و زاڵا
فڕێـی دەدەم لـە چـاڵا

(ئەحمەد، ٢٠٢٢، ٧٩)

نووسـەر بـە دەربڕینـی کارەکتـەری دووەم دەیەوێـت هـۆکاری ژینگەپارێـزی و پـاک و خاوێـن ڕاگرتنـی لـە لای منـداڵ بوروژێنێـت. بۆچـی ژینگـە بپارێـزم و هێـز و هـۆشی خۆمـی بخەمـە خزمـەتی و بۆچـی خـۆم مانـدوو بکـەم و پاشـماوە و زبـڵ و زاڵ کـۆ بکەمـەوە؟ نووسـەر بـە ئەزمـوون و تێبینیکـردنی

ئـەوەی بەشـێک لـە خەڵـکی کـە بـۆ سـەیران و گەشـت دەچـن؛ پاشـماوە و زبـڵ لـە دوای خۆیـان جـێ دەهێڵـن و ژینگـە ناپارێـزن، ئـەوە ڕەفتارێکـی خراپـە کـە نیشـانی منداڵـی دەدات بـۆ ئـەوەی ئـەوان ئـەو ڕەفتـارە دووبـارە نەکەنـەوە، پێشی وایـە هـۆکاری ئەمـە پەروەردەیـە و لـە منداڵییـەوە ئـەم بەهـا ڕەوشـتییە دروسـت نەبـووە لـە کەسـایەتییاندا.

بـەدەم هەڵگرتنـەوەی پاشـماوەوە، کارەکتـەری یەکـەم ڕوو لـە کارەکتـەری دووەم دەکات و دەڵێـت:

ژینگــە ماڵــی گشــتمانە
هیــی ورد و درشــتمانە
ئــەو سروشــتە خەملّیــوە
کـە گشـت دنیـای تەنیـوە
خزمەتــی ئێمــەی دەوێ
بـە ئێمـە پێـش دەکـەوێ
پاشـماوەت زبـڵ و گەنـدە
فڕێــی مــەدە ئەوەنــدە

(سەرچاوەی پێشوو، ٧٩)

نووسـەر دەیەوێـت منـداڵ فێـر بـکات ژینگـە وەکـوو ماڵـی خۆیـەتی و چـۆن ماڵـی خـۆی دەپارێزێـت، فێـر ببێـت ئـاوا لـە ژینگـەش بڕوانێـت و تێبگەیەنێـت کـە ژینگـە ماڵـی هەمووانـە و مـافی ئـەوانی تـری پێوەیـە و پاراسـتنی ئـەرکی سەرشـانی هەمووانـە، هـەر بۆیـە دەبێـت هەموومـان خزمـەتی بکەیـن و جوانـتری بکەیـن و لـە خزمـەتی بەرەوپێشـبردنیدا بـین، هەریـەک لـە ئاسـتی خۆیـەوە ئـەم بەرپرسـیارێتییەی هەڵبگرێـت بـە فڕێنەدانـی پاشـماوەی زبـڵ و خاشـاک لـە دوای خۆیـان. نووسـەر بـە گـەورە و بچـووک دەڵـێ ئـەو ژینگەیـەی هەیـە هیـی هەمووانـە، فێریـان دەکات ژینگـە پێویسـتی بـە خزمەتـە، کاتێـک لـە باخچـە، یـان لـە قوتابخانـە، یـان لـە هـەر شـوێنێک بێـت هەسـتی خزمەتکـردن و خۆشویسـتنی ژینگـەی لـە لا دروسـت ببێـت، چونکـە ئەگـەر لـە سـەرەتای تەمەنـەوە ئـەم بەرپرسـیارێتییەی هەسـت پـێ کـرد، تـا کۆتایـی تەمەنـی پابەنـد و هەوڵـی بەرەوپێشـبردنی دەدات.

کارەکتەری دووەم بەردەوامە لە فڕێدانی شت:

چیــی تێدایــە پاشــماوە؟
یــا زەرف، یــا دەبــەی ئــاوە
توێکڵــی مــۆز و میوەیــە
هیــی باخــی ئــەو شــیوەیە
قوتـووی بیبسـی و شـەربەتە
کاغــەز و دار و پەتــــە
فڕێـی نـەدەم، چیی لــێ کەم؟
ناتوانــم لــە ســەلەی کــەم

(سەرچاوەی پێشوو، ٨٠)

کارەکتـەری دووەم لێـرەدا هەمـوو ئـەو پاشـماوانەی خەڵـک و هاوڵاتییـان لەگـەڵ خۆیـان دەیبـەن بـۆ گەشـت و سـەیران (لـە میـوە و دەبـەی ئـاو و قوتـووی بیپـسی و شـەربەت و کاغـەز و دار و پـەت) و دواتـر دەبـن بـە پاشـماوە و زبـڵ و لـە دوای خۆیـان جێـی دەهێڵـن، نووسـەر پرسـیار دەکات کـە بۆچـی فڕێیـان نـەدەم؟ گرنگیـی ئەمـە لـە چیدایـە؟ لـەم ڕێگەیـەوە دەیەوێــت ئــەو پرســیارانە لای منــداڵ دروســت بــکات و بیـکات بـە بابەتێـکی گرنـگ لای کـە ئـەو شـتانە بۆچـی فـڕێ نــەدات و چییــان لــێ بــکات. نووســەر مەبەســتیەتی بــیر و هـۆشی منـداڵ بجووڵێنێـت لـە بـارەی پـاک و خاوێـن ڕاگرتنـی ژینگـە کـە لـە کۆپلـەی دواتـردا وەڵامـی بـۆ دانـاوە و بـۆی ڕوون کردووەتـەوە.

کارەکتـەری یەکـەم بـە هێـما ئامـاژە بـە پاشـماوەکان دەکات و دەڵێـت:

ئــەو زەرف و دەبــەی ئــاوە
فڕێدانیــان نەشـــــیاوە
ئاخـر هەمـوو گشـتیان پـاک شـی نابنـەوە
لـە نـاو خـاک توێکڵـی ئـەم مۆز و مـیوە
دوو ڕۆژی تــر گەنیــوە
چی مێشــی ئـەو دەورەیــە
لــەو ســەیرانگا گەورەیــە
سەیــر کــە و بــاش بزانــە
ئێــرە دەکاتــە لانــە
قوتـوو، کاغــەز، دار و پەت
وردیــان بــکە لەتوپــەت
پاشــان بــە گیــان و بـە دڵ
بیانخـە نـاو سـەلەی زبـڵ

(سەرچاوەی پێشوو، ٨٠)

نووسـەر دەیەوێـت لـە ڕێگـەی کارەکتـەری یەکەمـەوە پەیامـی مەترسـیی پیسـبوونی ژینگـە بـە منـداڵان بڵێـت، کـە لـە ڕاسـتیدا پیسـبوونی ئـاو و خـاک و هـەوا، تێکـدانی ژیـانی مرۆڤەکانـە، چونکـە ئـەو پاشـماوانە بـە فڕێدانیـان لـە سـەریەک کـۆ دەبنـەوە و مەتـرسی لـە سـەر ژیـانی گـەورە و بچـووک دروسـت دەکات، میکـرۆب و مێـش و بـۆنی ناخـۆش و سـیمای ناشـیرین بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت. نووسـەر ئـەوە بـە منـداڵان دەڵێـت ئـەو پاشـماوانە لـە کیسـێک بکرێـن و بخرێنـە شـوێنێک کـە ژینگەپارێـزان بتوانـن بـە ئاسـانی بۆمـان فـڕێ بـدەن. بـە وتنـی ئـەو وشـانە کاریگـەری لـە سـەر کارەکتـەری دووەم دروسـت دەکات و ئـەو ڕەفتـارە واز لـێ دەهێنێـت.

کارەکتـەری دووەم لە پیسکردن دەوەستێت:

دنیـات پـڕ کـرد لـە پاسـاو
بـۆ مشـتێ زبـڵ و بەرمـاو
سـوودی چییـە خاوێنـی
خـۆی ئـاوا بـۆ بنـوێنی؟

(سەرچاوەی پێشوو، ٨١)

ورده ورده نووسـەر ئـەو گفتوگۆیـە لـەو ئامانجـەی دەیەوێـت نزیـک دەکاتـەوە، کارەکتـەری دووەم بـڕوا و متمانـەی لـە لا دروسـت دەبـێ ئـەوەی کارەکتـەری یەکـەم باسـی دەکات سـوودی بـۆ ژیـانی منـداڵان و مـرۆڤ هەیـە، فێریـان دەکات بەئـاگا و وریـا بـن، لـە هـەر شـوێن و جێگایـەک بـوون پارێـزگاری ژینگەکەیـان بـن.

کارەکتەری یەکەم لێی نزیک دەبێتەوە و پێی دەڵێت:

گـەر ژینگەمـان خاوێـن بـێ
لـە شـارەوە تـا لادێ
ئـەو ڕۆژەی بـۆ سـەیران دێیـن
هەموومـان خـاوەن جێیـن

(سەرچاوەی پێشوو، ٨١)

ئـەو پەیامـەی نووسـەر جەختـی لـێ کردووەتـەوە گرنگـە بـۆ منـداڵ، ئـەوەی گوێبیسـت و بینـەری ئـەو دیمەنـە دەبێـت و دەزانێـت لـە هـەر شـوێنێک بـین، پێویسـتە خۆمـان بـە خـاوەنی ئـەو شـوێنە بزانـین، منـداڵ فێـر دەکات ئـەو پـاک و خاوێنییـە بـۆ گشـت لایـەک گرنگـە، چونکـە گـەر ئێمـە شـوێنی خۆمـان پـاک ڕاگـرت ئـەو کەسـەی دوای ئێمـە دێـت بـۆ ئـەو شـوێنە بـە ئاسـوودەیی دێـت لێـی دەمێنێتـەوە و چێـژی لـێ وەردەگرێـت، لـە لایـەکی تریشـەوە ئـەم پـاک و خاوێـن ڕاگرتنـی ژینگەیـە کاریگەریـی لەسـەر تەندروسـتیمان هەیـە و بـە هۆیـەوە بـەدوور دەبێـت لـە میکـرۆب و نەخـۆشی. ئـەوەی گرنگـە منـداڵ لـە ڕێگـەی ئـەم شـیعرە شـانۆییەوە فێـر دەبێـت کـە بـۆ سـەیران و گەشـت چـوون، دوای خۆیـان بـە خاوێنـی بەجێـی بهێڵـن.

دووەم دەست دەکات بە هەڵگرتنەوەی پاشماوەی خۆی:

کـە وا بـێ هاوڕێـی بەڕێـز
منیـش بـە جەسـتە و بـە هێـز
هاوکارتـم بـا خـاوێن بیـن
بـێ فـەرق لـە هـەر شـوێن بین
سـەیرانگاکەی مـن ئـەمڕۆ
سبەی دەبـێ بـە هیـی تـۆ
منیـش ڕۆژێ لـە ڕۆژان
دێمـەوە گەشـت و سـەیران
خەمـم نابـێ ژینـگەکەم
پاکـە و قـەت پیسـی ناکـەم

(سەرچاوەی پێشوو، ٨٢)

نووسـەر دەیەوێـت پەیامـی فێرکردنـی پاکوخاوێنـی ژینگـە لـە ڕێگـەی کارەکتـەری یەکەمـەوە بـە منـداڵان بگەیەنێتـە کارەکتـەری دووەم، بـە شـێوەیەک فێـر بـوو کـە باشـی و خراپیـی پیسـکردنی ژینگـەی بـۆ ڕوون بـووەوە و لـە کۆتاییـدا شـارەزاییەکی تـەواو فێـر بـووە کـە ژینگەکـەی بپارێزێـت و هەرگیـز پیسـی نـاکات. کاریگەریـی لەسـەر دروسـت کـرد و وازی لـەو ڕەفتـارە هێنـا، ئەمـەش وا لـە منـداڵان دەکات کـە ڕەفتـاری کارەکتـەری دووەم دووبـارە نەکەنـەوە، فێریـان دەکات کـە گرنگـی بـە پـاک و خاوێنیـی ژینگـە بـدەن و بیکەنـە بەشـێک لـە کەسـایەتییاندا و ڕەنـگ بداتـەوە. هەروەهـا بگاتـە ئـەو بـاوەڕەی خزمەتکـردن و پارێـزگاری لـە ژینگـە بـە ئـەرکی سەرشـانی خۆیـان بزانـن و ببێـت بـە هۆشـیاری تیایانـدا و توانـا و بیریـان بـۆ خزمـەتی ژینگـە بخەنـە گـەڕ.

هەردووکیان ڕوو لە جەماوەر دەکەن و دەڵێن:

ئـەو ژینگەیـــە خواکـــردە
هەر چییەکی گـەورە و وردە
خاوێنـــی لەســـەرمان
پاراســـتنی فەرمانـــە
کانـی و دەشـت و درەختـی
هــەوراز و کــەژی ســەختی
بــە خاوێنییـــەوە جوانـــن
ئارامــیـــــی دڵ و گیانـــــن

(سەرچاوەی پێشوو، ٨٣)

نووســەر لــە کۆتاییــدا بــە وردی شــیعرە شــانۆییەکە کۆتایــی پــێ دێنێــت، بــە گشــتی دەیەوێــت ئــەو پەیامــە بگەیەنێــت کــە لــە ڕێگــەی پــەروەردە و شــیعری شــانۆییەوە کــۆی ئــەو دەقــە وەک ئامرازێـکی فێرکاریـی پـاک و خاوێـن ڕاگرتنـی ژینگـە بکاتــە بەهایــەکی ڕەوشــتی بــاڵا لای منــداڵ و ڕوانگــەی هەڵــە و بیرکردنــەوەی نادروســتی بگۆڕێــت و کاریگەریــی لەســەر جــێ بهێڵێت. دواتـر وەک چـۆن هـەردوو کارەکتـەری شیعرە شـانۆییەکە دەســت لــە دەســت دەکــەن و پەیامــی پاراســتنی پاکوخاوێنیــی ژینگــە ئاراســتەی منــداڵان دەکــەن، پێویســتە هەمــووان دەســت لــە نــاو دەســت بــە ئــەرکی خۆیــانی بزانــن و ژینگەپارێــز بــن و هــەر چــی لــە ژینگەدایــە خــودا پێــی داون لــە: کانی و دەشــت و درەخــت و کــەژ و کێویــان، بــە هەمــووان پارێزگاریــی لــێ بکــەن، بــۆ ئــەوەی گیانیــان ئاســوودە و دڵیــان ئــارام بێــت بــە دیــدەنی و مانــەوە لێــی، بەمــەش نووســەر ئاماژەیەکــی تــری خســتووەتە ڕوو، ئەویــش بەهــای دەروونییــە. کاتێــک ژینگــە پاکوخاوێنــە، هۆکارێکـی گرنگـە بـۆ دڵخۆشـیی منـداڵ. هـەر شـوێنێک خاوێـن بێـت منـداڵان بـە ئاسـوودەیی تیایـدا پشـوو وەردەگـرن. کەواتـە ژینگەپارێــزی دڵ و دەروون ئاســوودە دەکات، هانــی منــداڵان دەدات بـۆ ئـەوەی هەمیشـە بـە ئاسوودەیی و خۆشـی کاتەکانیـان بەســەر بــەرن، ئــەوا پێویســتە ژینگەکەیــان بپارێــزن.

### ٢. بەهـــای پەروەردەیـــی و فێرکـــردن لـــە شـــیعری شـــانۆیی "پاڵـــەوانی جەنگـــەڵ"دا

گیانـــداران لای منـــداڵان جێگـــەی ســـەرنجن، نووســـەرانیش لـــە بـــواری نووســـینی ئەدەبـــی منداڵانـــدا ویســـتوویانە لـــە ڕێگـەی بـە کارەکتەرکـردنی گیاندارانـەوە پەیامـی پەروەردەیـی بگەیەنــن، ئــەم شــێوازە لــە نووســین لــە کۆنــەوە ســوودی لــێ وەرگـیراوە و بـەکار هاتـووە، نـەک تەنیـا بـۆ منـداڵان، بەڵکـوو بــۆ تەمەنــی گــەورەش. لــە شارســتانیەتە کۆنــەکانی پێشــوودا تاکـوو بـۆ ڕێنموونیکـردنی پاشـا و دەسـەڵاتداری وڵات بـەکار هاتـووە، کـە ئـاژەڵان وەکـوو ڕەمزێـک بـۆ پەیـام و مەبەسـتی دیاربکـراو دانـراون. زۆرتـر ئـەو شـیعرە شـانۆییانە کـە ئـاژەڵان وەکـوو کارەکتـەر تیایـدا بـەکار هێـنراون، پەیامـی مرۆڤدۆسـتی و پەروەردەییـان لەخـۆ گرتـووە. زۆر جـار وا بـووە لـە ڕێگەیـەوە توانیویانــە کێشــەکان بخەنــە ڕوو و چارەســەریش دەستنیشــان بکــەن، ئەمــە جگــە لــەوەش منــداڵ هــەر لــە قۆناغــی گڕوگاڵــەوە شــەیدای جیهــانی ئاژەڵانــە و چێــژ و خۆشــییان لــێ وەردەگرێــت. لــەم شــیعرە شــانۆییەی "شــوان ئەحمــەد"دا بــاس لــە جەنگەڵێــک دەکات کــە گیانــدارانی جۆراوجــۆری لــێ دەژیــن و هــەر یەکێــك لــەو گیاندارانــە وەکــوو کارەکتەرێکــن تیایـدا. نووسـەر بـە شـێوەی گێڕانـەوە و گفتوگـۆ ئەرکـی بـە چەنــد کارەکتەرێــك بەخشــیوە، کــە پەیامــی پەروەردەیــی لــە ســەر زمانــی گیاندارانــەوە بــە منــداڵان دەگەیەنێــت کــە مەبەسـتیەتی لـە ڕێگـەی ئـەو دەقـەوە داوا لـە منـداڵان بـکات ئەگــەر ڕەفتارێکــی نەخــوازراو بەرامبەریــان کــرا؛ هۆشــیار و بەئــاگا بــن و یاساشــکێنییش نەکــەن. ســەرەتا بــەم شــێوەیە دەســت پــێ دەکات:

لــە نــاو جەنگەڵێـــکی جــوان
کـەش و سـەوز جێـــی ژووان
هەبـــوون گیاندارێـــــکی زۆر
ڕەنگاوڕەنــگ و ســپی و بــۆر
دەیانـــبردە ســـەر ژیـــان
بـــە ئـــازادی و نـــــەرمونیان
پاشـــایان هەبـــــوو وریـــــا
پاشـــای ژیـــر و دانـــا
یاســـــایەکی وای دانـــا
بەهـــێز، بــێ هێـــز نەخــوا
تــا نــەڕژێ خوێنـــی نــاڕەوا
جیــاوازی نەکـــرێ بــە هێــز
لــە شـوێنی هێـز دابنێن ڕێـــز

(ئەحمەد، ٢٠٠٦، ١٥)

نووسەر سەرەتا ژینگەی جەنگەڵەکەی دەرخستووە کە چەند گیاندارێکی تێدایە و شێر پاشای دارستانە، لەوێوە نووسەر باسی جوانیی یاسا دەکات بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێک بژیت، پێویستە پابەندی یاسا و ڕێنماییەکان بیت، هاتووە لەوێوە ئەو پەیامە بە منداڵان بڵێت کە ئەوانیش ڕێسای ژیانیان هەیە، گیانەوەرانیش بە سیستمێک یاسای ژیان دەکەن هەر یەکێک یاساشکێنی بکات؛ تووشی سزا دەبێت بۆ ئەوەی کەس ستەم و زۆرداری لە کەس نەکات. پێویستە منداڵان پابەندی یاساکانی ژیان بن، چونکە یاساکان بۆ ڕێکخستن و باشترکردنی کۆمەڵگا دارێژراون. نووسەر پەیامی ژیاندۆستی و دادگەری بە منداڵان دەگەیەنێت، کە لە ڕێگەیەوە هەمووان دەتوانن بە ئاشتی و ئارامی لەگەڵ یەکتردا بژین و فێری تەبایی و پێکەوەژیانیان دەکات، ئەمەش بەوە دەبێت ڕێز لە یەکتری بگرن و هاوکاریی یەکتر بکەن و دەسەڵاتدار و بەهێز پێشێلی مافی بێهێز نەکات.

ڕۆژێکیان گورگی چەپەڵ
برسیی بوو مات و تەمبەڵ
دیی کە ڕێوی هەڤاڵی
بە برسی دەناڵی
چوو وتی چیتە ڕێوی
ئەوها مات و پەشێوی
قۆڕەی سکی برسیی تۆ
نۆ ڕۆژە ڕێ دەڕوا خۆ
بۆ بزەیی حاڵی خۆت
وەرە بپچڕێنە کۆت
منیش وەک تۆ داماوم
بێهێزم و کزە چاوم

(سەرچاوەی پێشوو)

لە مێژە لە چیرۆکی گەلاندا گورگ ناوی بە بەدکردار ڕۆیشتووە و ڕێوییش بە فێڵباز، بۆیە نووسەریش وەک دوو ڕەمزی بەدکردار بەکاری هێناون. لە ڕێگەی دوو کارەکتەر کە گورگ و ڕێوین، دەیەوێت ئەوە فێری منداڵان بکات کە بەدکرداران هەمیشە مایەی پەشێویی کۆمەڵگەن و مەترسین بۆ سەر ژیانی ئەوانی دیکە لە کۆمەڵگەدا و بەدوای کەسانێکەوەن کە وەک خۆیان خراپن و ئەوەی لێیان نزیک بێتەوە؛ دەیانەوێت وەک خۆیانی لێ بکەن. ئەوانە تەنیا لە بیری خۆیاندان و لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان ژیانی ئەوانی تریان بە لاوە گرنگ نییە. نووسەر دەیەوێت ئەو نیشانی منداڵان بدات کە بیر لە تێکدان و ئاژاوەگێڕی نەکەنەوە، چونکە سەرئەنجامی ئەو کارانە تووشی سزایان دەکات و کۆمەڵگا ئەو کەسانەیان خۆش ناوێت.

ڕێوی گوتی کاکی خۆم
منیش لە خەم حاڵی تۆم
بەڵام سەروەرمان بزانێ
دەمانخاتە زیندانێ

گفتوگۆی نێوان گورگ و ڕێوی وێنایە بۆ گفتوگۆی بەدکاران و تێکدەرانی ژیانی کۆمەڵگە. نووسەر دەڵێت: هەمیشە بەدکاران بەردەوام لە مقۆمقۆ و کێشمەکێشدان بۆ ئەوەی بتوانن بە ئامانجی خراپکارانەی خۆیان بگەن، ئەگەرچی دەشزانن کە کارەکانیان دژی یاسایە و لە ئەگەری سەرنەگرتنی؛ تووشی سزا دەبن، بەڵام یاخی دەبن، ڕەفتارە نابەجێیەکە هەر ئەنجام دەدەن. لەم ڕێگەیەوە نووسەر دەیەوێت منداڵان فێر بکات کە هەندێک کەس لە بیری یاساشکێنیدان تەنیا لەبەر قازانجی خۆیان، بێ گوێدانە ژیانی ئەوانی تر، ئەو کەسانەش وەکوو گورگ و ڕێوی خراپن، کە یاساشکێنی دەکەن.

کاتێ کە چوون بۆ ڕاو
کەروێشکێکیان کەوتە داو
چوون بۆ لای دووبەدوو
بە پیلانی سەرگرتوو
وتیان گوڵاڵەی ژینمان
هەر تۆی ڕێگای ئەوینمان
با بیکەین یاری و سەما
تا نەژین گشت لە خەما

(سەرچاوەی پێشوو، ١٦)

لێرەدا نووسەر دەیەوێت باس لە پیلانی پیسی بەدکرداران بکات کە هەمیشە لە پیلاندان بۆ ئەوەی بە ئامانجی خۆیان بگەن و هەموو هەوڵێک دەدەن

و هەمــوو شــتێک دەکــەن لــە پێنــاو گەیشــتن بــە مــەرام و خۆشــیی خۆیــان. لێــرەدا هــەردوو کارەکتــەری گــورگ و ڕێــوی، لەگــەڵ کارەکتــەری ســێیەم کــە کەروێشــکە؛ دەیانەوێــت بــە قســەی خــۆش و بــە بۆنــەی یــاری و ســەماکردن هەڵیخەڵەتێنــن و پەلامــاری بــدەن و ســکی خۆیانیــان پــێ تێــر بکــەن. ئــەوە بابەتــە پەیامێکــی گرنگــی پــەروەردەی بــۆ منــداڵان تێدایــە، کــە نەکــەن بــە هــۆی پێدانــی بیســکویت، یــان خۆراکێــک، یــان گوڵێــک لــە شــەقام کۆڵانەکانــدا بــەدوای کەســانێکی دەروون لاوازدا بکــەون، لــەو ڕێگەیــەوە منــداڵان هۆشــیار و بەئــاگا دەکات.

کەروێشــکی ئــازا و چەلەنــگ
زاینــی کــە هاتــوون بــۆ جەنــگ
بــە مێشــک و بــیری خــۆی
تێگــەی پیلانــە بــۆی
گــوتی یاریــتان خۆشــە
وازیتــان پــڕ لــە جۆشــە

(سەرچاوەی پێشوو، ١٦)

کەروێشــک لــە زۆرێــک لــە چیرۆکــەکانی گەلانــدا هێــمای وریایــی و زیــرەکی بــووە، لێرەشــدا نووســەر کەروێشــک وەکــوو ڕەمــزی زیــرەکی بــەکار هێنــاوە، بــۆ ئــەوەی منــداڵان فێــر بــن و تێبگــەن بەئــاگا بــن و نەخەڵەتێــن، بــیر بکەنــەوە، لــە فێڵــی خراپــکاران تێبگــەن و نەکەونــە داویــان، بــۆ ئــەوەی بتوانــن ژیرانــە مامەڵــە بکــەن، فریــای خۆیــان بکــەون لــە کاتی تووشــبوون بــە کێشــە و ناڕەحــەتی. دواتــر بــاس لــەوە دەکات کــە پێویســتە وەک چــۆن پیلانی دانــا بــۆ ئــەوەی خــۆی لــە دەســتی گــورگ و ڕێــوی دەربــاز بــکات، منداڵانیــش بــیر بکەنــەوە بــۆ دەربازبــوون لــە کێشــەکانیان پلانیــان هەبێــت.

کەروێشــک ڕێــی گرتــە بــەر
بــە تــرس و لــەرز و کەســەر
بــەرەو بێشــکەکەی شــێر چــوو
هەواڵــی دایــە زۆر زوو

(سەرچاوەی پێشوو، ١٦)

پەیامــی ئــەم کۆپلەشــیعرە شــانۆییەی نووســەر بریتییــە لــەوەی لــە کاتی تووشــبوون بــە کێشــە و گرفــت پەنــا بــەرن بــۆ کەســانێک کــە گــەورە و ژیــرن، دەتوانــن هاوکاریــان بــن لــە کۆتاییهێنــان بــە کێشــە و ناڕەحەتییــەکان، وەك چــۆن کەروێشــکی زیــرەک و وریــا پەنــای بــرد بــۆ شــێری پــیر و دانــا.

شــێریش کــە بەمــەی زانی
بــە تێــکڕای هــێزەکانی
بــە مــردن لێــرە هــەر دوو
دوای مەنعــی خــواردنی خــۆراک
بــە بــەر چــاوی خــراپ و چــاک
بــۆ ئامۆژگــاریی ژیــان
تــا کەســێ نەبینــێ زیــان
ئێــوە دەکــەم بــە پێشــەنگ
پیســانی ســەر ڕێــگای جەنــگ

(سەرچاوەی پێشوو، ١٦)

لـە کۆتاییـدا نووسـەر ئـەوەی نیشـان داوە لـە لایـەن پاشـای دارسـتانەوە سـزای بەسـەر ئەوانـەدا سـەپاند کـە یاساشـکێنییان کـردووە. دەیەوێـت ئەنجامـی کاری خراپـی بەدڕەفتـاران بـە منـداڵان بگەیەنێـت و فێریـان بـکات کـە هـەر کـەس خراپـکار بێـت و یاساشـکێنی بـکات و مەتـرسی لەسـەر ژیـانی ئـەوانی تـر دروسـت بـکات، لـە کۆتاییـدا چارەنـووسی خـراپ چاوەڕێـی دەکات. وەک چـۆن لـە ڕێگـەی پەیامـی شـێرەوە دەیەوێـت ئـەوە بـە منـداڵان بگەیەنێـت دەبێـت ئـەو کەسـانەی زیـان و زەرەریـان بـۆ سـەر ژیـانی ئـەوانی تـر هەیـە، سـزای کاری خراپیـان وەربگـرن و بـۆ هەمـووان بـبن بـە پەنـد. هـەر لـەم شـیعرە شـانۆییەدا منـداڵان فێـر دەکات کـە پێویسـتە هەمـووان پابەنـدی یاسـا بـن و یاساشـکێنی نەکەیـن بـۆ ئـەوەی ئاسـوودە بژیـن.

### ئەنجام

**لەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

١. شــانۆ و شــیعری شــانۆیی لــە ئێســتادا ژانرێکــی کاریگــەرە لــە بــواری پــەروەردەدا، بــە تایبــەت لــە قۆناغــی باخچــەی منــداڵان و بازنــەی بنەڕەتــی کــە لــە ڕێگایــەوە منــداڵان فێــری ڕەوشــت و ڕەفتــاری جــوان دەکرێــن، چونکــە شــێوازێکی چێژبەخــش و ئاســانکارە بــۆ فێرخــوازان. لــەم قۆناغــەدا بینیــن و نوانــدن فاکتــەری گرنگــی فێربوونــن.

٢. شــیعری شــانۆیی منــداڵانی ''شــوان ئەحمــەد'' هەڵگــری

پەیامی چاکسازین، بە جۆرێک دەستنیشانی بیرکردنەوە و لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی ڕەفتاری منداڵ دەکات.

٣. نووسەر دەستنیشانی ئەو بابەتانەی کردووە کە بە گرینگییەوە منداڵان لێی دەڕوانن و پەیوەستن بە ژیانی منداڵانەوە.

٤. شیعری شانۆیی ''شوان ئەحمەد'' چەندین بنەمای پەروەردەیی لەخۆ گرتووە، لەوانە بە جۆرێک کاری چاک و خراپ بە منداڵان ئاشنا دەکات هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، کە وا لە منداڵ دەکات فێری ڕەفتاری دروست بێت و دوور بکەوێتەوە لە ڕەفتاری نەشیاو.

٥. شیعرە شانۆییەکانی ''شوان ئەحمەد'' بە زمانێکی سادە و دوور لە گرێ و ئاڵۆزی نووسراون.

٦. شیعری شانۆیی هەریەکە لە ''ژینگە و پاڵەوانی جەنگەڵ'' دەتوانێت بیری گۆڕانکاری لە ناو منداڵاندا دروست بکات.

٧. شیعری شانۆیی ''ژینگە''ی شوان ئەحمەد سەرەڕای چێژی ئەو دایالۆگەی لە نێوان دوو کارەکتەرەکە هەیە، بەهای خۆشەویستیی نیشتمان و ژینگەدۆستی و پاکوخاوێنی لە لای منداڵان دروست دەکات.

٨. شیعری شانۆیی ''پاڵەوانی جەنگەڵ''ی شوان ئەحمەد دەرەنجامی کاری خراپی بەدڕەفتاران بە منداڵان نیشان دەدات و فێریان دەکات کە هەر کەس خراپکار بێت و یاساشکێنی بکات و مەترسی لەسەر ژیانی ئەوانی تر دروست بکات، چارەنووسی خراپ چاوەڕێی دەکات. هەروەها گرنگیی ڕاوێژکردن بە ژیران و ئەزموونداران فێری منداڵان دەکات. لە کاتی تەنگوچەڵەمەدا بۆ دەربازبوون پرسوڕاوێژیان پێ بکەن.

## لیستی سەرچاوەکان


### ئـ. کتێبە کوردییەکان:

١. پیرباڵ، فەرهاد (٢٠٠١)، مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٥٧، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢. حسێن، سەنگەر نازم، مەولود، ڕێزان ساڵح (٢٠١٨)، ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کودستان، هەولێر.

٣. عەلی، خەلیل (٢٠١٦)، بنەما هونەرییەکانی شانۆی منداڵان لە زارۆخانە و خوێندنگاکان، چاپی یەکەم.

٤. عەولا، عەبدولا ڕەحمان (١٩٨٧)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا باشووری کوردستان (١٩٢٥-١٩٦١)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٥. قەرەداغی، سەروەر (٢٠٢٢)، هۆنراوە و ئۆپەرێتی ژینگەیی بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

٦. هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠٥)، ئەدەبی منداڵانی کورد، لێکۆڵینەوە و مێژووی سەرهەڵدان، کۆڕی زانیاری کوردستان، بەرگی یەکەم، هەولێر.

### ب. فەرهەنگە کوردییەکان:

١. خاڵ، شێخ محەمەد (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٢. هەژار، (١٣٨١)، هەنبانەبۆرینە، سروش، تەهران.

### ت. گۆڤاری کوردی:

١. ئەحمەد، شوان (٢٠٠٦)، پاڵەوانی جەنگەڵ، گۆڤاری خەندە، ژمارە ٢٤.

٢. پ. کتێبە عەرەبییەکان:

٣. الملحم، إسماعيل (١٩٩٤)، كيف نعتني بالطفل وأدبه..؟، الطبعة الأولى، لدار علاء الدين، دمشق.

٤. جواد، عبدالستار (١٩٧٩)، في المسرح الشعري، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، العراق.

٥. حسين، كمال الدين (٢٠٠٩)، أدب الأطفال المفاهيم.. الأشكال.. التطبيق، دار العالم العربي

٦. زلط، أحمد (١٩٩٩)، أدب الطفال العربي دراساة معاصرة في التأصيل والتحليل، دار الوفاء لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية.

٧. عليان، ربحي مصطفى (٢٠١٤)، أدب الأطفال، الطبعة الأولى، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

٨. عناني، محمد (؟) دراسات في المسرح والشعر، مكتبة غريب.

٩. مودنان، مروان (٢٠١٥)، مسرح الطفل من النص الى العرض، الطبعة الأولى، مطبعة النيل.

١٠. هلال، محمد غنيمي (١٩٧٥)، في النقد المسرحي، دار العودة، بيروت.

١١. هيلتون، جوليان(؟) إتجاهات جديدة في المسرح، ت: د. أمين الرباط، سامح فكري، الطبعة الثانية، مطابع المجلس الأعلى للآثار.

**ج. نامەی ئەکادیمی:**

**ئـ. کوردی**

١. صەبری، ڕازاو ڕەشید (٢٠٢١)، بەها پەروەردەییەکان لە تێکستی شانۆی منداڵاندا - باشووری کوردستان، نامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، هەولێر،کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەدین.

**ب. عەرەبی**

١. الحياري، معاد جميل (٢٠٠٨)، مسرحية الطفل في الأدب العربي (مسرح الشارقة نموذجا)، رسالة دكتوراه، جامعة مؤتة.

٢. تريش، أسماء (٢٠١٧)، خصائص المسرح الشعري عند صلاح عبد الصبور مسرحية الأميرة تنتظر-عينة، شهادة الماستر، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، كلية الأداب و اللغات، قسم اللغة والأدب العربي.

**ح. گۆڤاری زانستی:**

**ئـ عەرەبی:**

١. بن عاشور، فريدة (٢٠٢١)، خصائص مسرح الأطفال، مجلة النص، المجلد٨، العدد٢.

٢. المالكي، مالك نعمة غالي (٢٠١٠)، أهمية المسرح المدرسي ومسرح الطفل وتداخلهما لتحقيق أهداف تربوية و غيابهما في المدارس والمؤسسات التربوية، مجلة دراسات تربوية، العدد الحادي عشر.

٣. عبداللطيف، محمود همام- عبدالوهاب، أمانى عبدالمقصد- الشاهد، أحمد محمد- العطار، أمانى جميل على(٢٠١٥)، أثر إستخدام المسرح التعليمى فى علاج بعض المشكلات السلوكيه لدى تلاميذ المرحلة الإبتدائية، المجلة العلمية لكلية التربية، المجلة العلمية الكلية التربية النوعية، العدد الربع.

٤. محمد، فايزة أحمد عبد الرازق(٢٠١٩)، تحليل محتوى المسرحيات الشعرية لأطفال عند أحمد سويلم فى ضوء معايير أدب الطفل، مجلة الطفولة، العدد الثانى والثلاثون.

**ب. گۆڤاری زانستیی ئینگلیزی:**

1. Pose m, reinberg(1979), Poetry Theater--Integrating Drama and Poetry ,Prented by ERIC.

**خ. فەرهەنگە عەرەبییەکان:**

١. الياس، ماري- حسن، حنان قصاب (١٩٩٧)، المعجم المسرحي مفاهيم و مصطلحات المسرح و فنون العرض، الطبعة الأولى، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت.

٢. يعقوب، أميل بديع- العاصى، ميشال (١٩٨٧)، المعجم المفصل في اللغتة والأدب، الملد الأول، الطبعة الأولى، بيروت.

٣. وهبه، مجدي (١٩٧٤)، معجم مصطلحات الأدب (إنكليزي-فرنسي-عربي)، مكتبة لبنان، بيروت.

٤. د. پەڕی ئەلکترۆنی:

٥. بۆ منداڵان ژینگە ژینگەی ژین دەپارێزم... - شیعرەکانی شوان دیوانیی | Facebook https:// www.facebook.com/permalink.php?story_fbid __&٣٣٣٧٩٢٨٥٠١٦٠٠٠٧=id &٣٦٠٩٤٥٨٤٠٧٧٨٠٤١ = A Z U U p ٧ d q ٠ ٨ o G w ٩ h W v J f _ = [٠ ] _ _c ft ABP١Zc٣٦vomXt٠٢WTz٩REwz-sA٣Bt٣Hgagz٩t٨B ٨vpQfIDX٧m٧JGo_i١٣٩JsdbiU٩G٣X٧hXBrkFIAO quSH١eS٨ykxMjVoazZ٦sspqYXvxfZgHWi-J٦٢llqY- ٢CP-R ٪٢CO ٪=__dqlugtKjXZ٣X&__tn

٦. Shwan Ahmad - پاشای جەنگەڵ چیرۆکە شیعر بۆ منداڵان نوسینی :... | Facebook

٧. ,؛Oxford Advanced Learner’s Dictionary, 10th edition, copyright of oxford university press, ،2023 (www.oxford learners dictionaries.com).

## ملخص

هـذا البحـث عنـوان (المـسرح والشـعر المسرحـي في مجـال التعليـم). يركـز عـلى اشـعار المسرحيـة واشـعار الشـاعر (شـوان احمـد). كمثـال وذلـك محالـة لتعريـف السـمرح والشـعر المسرحـي للأطفـال, لقـد حاولنـا شرح تأثـير هـذا النـوع مـن الشـعر مـن حيـث التربيـة والتعليـم. باعتبـاره وسـائط ذات اهميـة كبـيرة في التنميـة الاجتماعيـة, الـذي يتـم مـن خلالـه إعـداد الأطفـال للحيـاة في المجتمـع. يعـد مـسرح الأطفـال وشـعره عامـلا مهـما في التربيـة والتعليـم، مـما لـه تأثـير كبـير في تنميـة شـخصية الأطفـال وتعليمهـم وتوسـيع أفـاق تفكيرهـم, وخاصـة في ريـاض الأطفـال والمـدارس الابتدائيـة. وبهـذه الطريقـة، كلـما أمكـن الوصـول إلى رسـالة التعليـم بشـكل أفضـل كلـم أصبـح التدريـس أكـثر نشـاطا، لأنـه في هـذه المرحلـة، كلـما زاد تعلـم الأطفـال مـن خـلال الرؤيـة والتقليـد، كلـما كان أكـثر إثـارة للاهتـمام.

يسـتمتع الأطفـال بالمـسرح والشـعر مـن خـلال المشـاركة فيـه أو رؤيتـه، مـما يجعلـه عامـلا تعليميـا مهـما لنقـل أي رسـالة مقصـودة للأطفـال في تلـك المرحلـة. أظهـر هـذا البحـث الآثـار التربويـة والتعليميـة لشـعر المسرحـي (البيئـة وبطـل الغابـة) للشـاعر (شـوان أحمـد) مـع ذكـر جميـع التاثـيرات الواقعـة عـلى الأطفـال. يتكـون هـذا البحـث مـن مقدمـة و فصلـين حيـث يتنـاولان المـسرح و الشـعر المسرحـي للشـاعر (شـوان احمـد).



# Abstract

This research is entitled (Theatre and Theatrical Poetry in Teaching). Shwan Ahmad's theatrical poems are taken as an example. It is an attempt to expose theater and theatrical poetry, we have tried to elaborate their effects in terms of education and teaching on children. Education and teaching are two major factors for social developing and by this way children are prepared into the life of community. Drama and children's poetry are significant factors of education and teaching. It has an important element for the development of the personality of children and educating and widening of their thinking especially in kindergarten and basic school. educational mission would be improved and so teaching would be more activated because children from this stage will learn more by seeing and imitating, what they see is more attractive and they enjoy more and they get it soon and they imitate. Children in drama and theatrical poetry can enjoy them either participating or seeing and this makes an influential factor of teaching for sending message. This research shows the educational effect and teachings of theatrical poetry "Environment" and "Jungle Hero" of Shwan Ahmad with all the impacts on children. The research consists of an introduction and two sections.


Key words: theatrical poetry, theatre, children, teaching